هەزار و یەک شەو ئەو کتێبەی کە خەرمانەسات و خرئاوا پێی سەرسامن.. ئەردەلان عەبدوڵا

هەتا دێت جیاوازییەکانی نێوان خەرمانەسات و خرئاوا زیاتر دەبێت، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا کەمێک شت دەتوانن ئەم جیاوازییە کەم بکەنەوە، لەمشدا ئەدەب دەتوانێت ببێتە ئەو پردە ئەفسووناوییە، کە ئەم دوو بەشە دژ بەیەکەی سەر زەوی، بە یەکتریەوە ببەستێتەوە.
یەکێک لە کتێبە گرنگەکانی ئەدەبیاتی جیهان کتێبی " هەزار و یەک شەو"یە ، ئەم کتێبە لە پێنا کتێبەکانی تری جیهاندا، لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهاندا پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، لەهەمانکاتیشدا بە یەکێک لەو کتێبە گرنگانە دادەنرێت ، کە کاریگەری گەورەی بەسەر ئەدەبیاتی خرئاواوە هەبووە. بەپێی زانیارییەکان بڕێت، کتێبی هەزار و یەک شەو رەنگدانەوەی یەکلاکەرەوەی هەبووە بە پێشخستنی هونەری چیرۆک بەگشتی و رۆمان بەتایبەتی لە ئەوروپادا.
ڤۆلتێر فەیلەسوفی ناوداری فەرەنسا لە بارەی ئەم کتێبەوە دەڵێت: هەتاوەکو 14 جار ئەم کتێبەم نەخوێندەوە، نەمتوانی ببم بە چیرۆکنووس" تە بەڵێت ئاخۆ ئەم کتێبە چی تێدا بێت هێندە ناخی نووسەر و فەیلەسوف و بیرمەندانی جیهانی هەژاندووە؟!
دیارە هەکار زۆرن بۆ ئەوەی جیهان پێگەیەکی تایبەت بەم کتێبە بدات، لە پێش هەمووانەوە ناوەرۆکی کتێبەکە کە پڕ ئیتی لە کەرەسەی حکایەتی ئەجگار جوان، پەندی پێشینان، حیکمەت، ئەم جگەلەوەی ئەم کتێبە گوزارشت لە بەشێکی گرنگی مێژووی خەرمانەسات دەکات، خەرمانەسات بە مانا گشتگیرییەکەی نەک بەو مانایەی ئەمە کە بەسەر چەند دەوڵەتێکدا دابەش بووە.
لێرەدا هەوڵ دەدەم تیشکێکی خێرا بخەمە سەر ئەم کتێبە و ناوەرۆک و شێوازی نووسین و کاریگەرییەکانی باس بکەم، هەرچەندە بە قسەوباسکردن لەبارەی ئەم کتێبەوە زۆری دەوێت، بەڵام من لێرەدا هەوڵ دەدەم زانیارییەکی گشتی بدەمە خوێنەر و لەپێنا ئەوشدا وردە سەرنجی خۆم باس بکەم.

ناوەرۆک

یەکێک لە پاشاکانی خەرمانەسات ناوی شەهریار دەبێت، پاش ماوەیەک بەی دەردەکەوێت کە ژنەکەی خیانەتی لەدەکات و لەگەڵ یەکێک لە

خزمەتکارێ ڕەشپێستەکانی پەیوەندی سێکسی دەبێت، ئەمەش ئاگر بەردەداتە گیانی و یەکسەر ژنەکەی دەکوژێت، دواتریش بەیارمکی ترسناک دەدات، ڤقی لە هەموو ژنێک دەبێت و بەیار دەدات، هەموو شەوێک ژنێک بهێنێت و پاشئەوەی لەگەڵیدا دەخەوێت بە بەیانی سەری ببڕێت، چونکە بەڵای ئەوەو هەموو ژنەکان خیانەتکارن.
گەڵان بە دوای کچی عازەبیشدا دەبێتە ئەرکی وەزیرەکەی، دواجار وەزیرەکەی هیچ کچێکی پاکیزەی دەستناکەوێت کچەکانی خەی نەبێت. کچێکی دەبێت بەناوی شەهرەزاد، ئەمەش وەزیرەکە دەخاتە ڕەوشێکی دەروونی ئاجگار خراپەوەو نازانێت چی بکات، بەڵام کچەکەی زیرەک دەبێت و دەچێت بە باوکی دەڵێت: من رازیم ئەم کارە بکەم و خەی دەکاتە قووربانی. سەرەتا باوکی رازی نابێت دواتر شەهرەزاد بە زیرەکی خەی، قەناعەت بە باوکی دەکات. لەرەشەوە حکایەتەکە دەستپێدەکات.
شەهرەزاد کچێکی زیرەک و جوان و ژیر دەبێت، هەر لە یەکەم شەو کە چاوی بە پاشا شەهریار دەکەوێت، دەستدەکات بە خوێندنەوەی حکایەتێک بۆی، بەڵام حکایەتەکەی تەواو ناکات، هەمووکاتێک کە دەستدەکات بە خوێندنەوەی حکایەتەکە، هەتاوەکو پاشا خۆی لێدەکەوێت، شەهریار بە بەیانی بەیار دەدات کە شەهرەزاد نەکوژرێت هەتاوەکو حکایەتەکەی بە تەواو دەکات. بەم فێڵەش هەموو شەوێک شەهرەزاد حکایەتێک بە پاشا دەخوێنێتەوە، بەڵام تەواوی ناکات و بەمجۆرەش 1001 شەو لەلای دەمێنێتەوە هەر شەوەی حکایەتێکی بە باس دەکات. ئەمەش دەبێتە سەرەتا و کۆتایی ئەم کتێبە مەزنەی جیهان.

مەژوو و سەرچاوی حکایەتەکە
دیارە قسەو باسی زۆر و لێکدانەوەی زۆر لە بارەی مەژوو، سەرچاوەی سەرەکی ئەم کتێبەوە نووسراوەو وتراوە. بەڵام بەشێکی زۆری سەرچاوە مەژووییەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە سەرچاوەو مەژووی ئەم حکایەتە دەگەڕێتەوە بۆ هیندستان. دیارە ئەم وتە مەژووییەکەی ئاجگار دەرینی هەیە و خاوەنی کەمدەک ئەفسانە و حکایەتی گرنگە لە پێش هەمووانەوە " مەها بهاراتا" کە مەژووکەی بۆ سەدەی پێنجی پێش زایین دەگەڕێتەوە.
پاشان لە ئێران ئەم حکایەتانە بەشێوەو ناوی جۆراوجۆر دەردەکەون لەوانە: "حکایەتەکانی بوونەوەرە ئەفسوناوییەکان، حکایەتەکانی شەهرەزاد و شەهریار" ئەمانە بوونە سەرەتای ئەم حکایەتانە. کۆنترین دەقی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی لە فارسییەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتی زایینی، ئۆکاتە لە زمانی فارسی بەناونیشانی " هەزار حکایەت" باوبوویەوە کاتێک دەکرێت بۆ عەرەبی

بە ناونیشانی " هەزار شەو، الف لیلة" باوەڕکراوە، دواتریش دەکرێت بە حکایەتکانی هەزارو یەک شەو" الف لیلة و الیلة"چاپ دەکرێت. دواتریش لە سەدەی 17 دا لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی فەرەنسیی و لەوە عیشقی خەرئاواییەکان بە ئەم کتێبە ئەفسووناویە دەستپەدەکات.

حکایەتە سەیرو سەمەرەکان

دیارە ئەم کتێبە تەنها لە یەک حکایەت پێکنەهاتووە، بگرە لە کۆمەڵێک حکایەتی جۆراجۆر لە خۆدەگرێت، هەندێکیان لە جیهاندا ناوبانگیان باش دەرکەوتووە، دەتوانم بڵێم لە هەزار و یەک شەوش زیاتر ناوبانگیان پەیدا کردووە لە پێش هەموویانەوە" حکایەتی سندیباد، عەلادین و فانسی ئەفسوناوی، عەلی بابا و چل دزەکە" ئەم حکایەتانەش هەریەکەیان خاوەنی ناوێنێک و شەوازی نووسینی جیاوازن. هەموشیان لەناو ئەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە، ئەمەش شەواز و مەدەلێکی نوێی لە جیهانی ئەدەبیاتدا داهێنا.

شەوازی نووسین

یەکێک لە خاڵە جوان و سەرکەوتووەکانی ئەم کتێبە شەوازی نووسینیەتی، لەم کتێبەدا شەواز و تەکنیکی چیرۆک نووسین لەدایک دەبێت، بەتایبەتی هونەری " گێڕانەوە" . لەرەوە گرنگی گێڕەر یان حکایەتخوان دەردەکەوێت، دواتریش لە ژانری چیرۆک و کورتە چیرۆک و ڕەماندا، گێڕەر دەبێتە بنەمای سەرەکی هەموو کارەکی ئەدەبی.
جگە لەمیش ڕەگەزەکانی تر وەکو " دیالۆگ، گرێی ئەدەبی، کتوپڕ، سەرەتا و کۆتایی،" هەموو ئەمانەش دەبنە بنەمای سەرەکی بە ژانری تری ئەدەبی. لەڕەشەوە چیرۆک و ئەفسانەکان لە یەکتری جیادەبنەوەو هەریەکەشیان ڕێچکەی خۆی دەگرێتە بەر.
هەروەها تێکەڵاوکردنی سیحر و واقعیەت، تەکنیکەکی جوانی تری ئەم کتێبەیە، کە لە ژێر حکایەتتەدا ئەمە ڕەنگدەداتەوە بەتایبەتی لە حکایەتەکانی " سندیباد، عەلی بابا و چل دزەکە" لەسەدەکانی دواتر تەکنیکی " ماگی ریالیزم،واقعی سیحری" لەدایک دەبێت، کە یەکێکە لە شەوازە جوانەکانی نووسینی ڕەمان.
بەیە تەواوی مەژوونوسانی ئەدەبیاتی جیهان لەسەر ئەوە کۆکن، کە حکایەتەکانی هەزارو یەک شەو، سەرەتایەکی زۆر گرنگ بووە بە ژانری چیرۆک و دواتریش ڕەمان و کورتە چیرۆک. شەوازی نووسین، خاڵێکی گرنگی تری ئەم کتێبەیە، بەیە هەموو ئەدیب و نووسەرێک ناچارە ئەم کتێبە بخوێنێتەوە. جگەلەوەش ئەم کتێبە ئاسەی بیرکردنەوە خەیاڵی خوێنەر بەگشتیی و نووسەران و ئەدیبان بەتایبەتی فراوانتر دەکات.

شیعر

یەکێک لەو شێوازە تایبەتانەی کە ئەم حکایەتانەی پێ نووسراوە، زمانی شیعری و بەکارهێنانی شیعرە. هیچ حکایەتێک هەندێ ئەم حکایەتانە شیعری تێدا بەکارنەهاتووە، هەموو حکایەتێک پارچەیەک یان زیاتر شیعری تێدایە. لەرشەوە دەگەینە ئەو راستییەی کە ئەو کەسانەی کە ئەم حکایەتانیان نووسیوەتەوە، زۆر هەگر و شێدای شیعر بوون، تەنانەت دەکرێت بڵێین پێدەچێت شاعیریش بووبێتن، دەنا کەسێک شاعیر نەبێت ناتوانێت هەموو ئەو شیعرە جوانانە بنووسێت. هەربۆیە دەتوانین بڵێین کە شیعر بەشێکی گرنگی ئەم کتێبە گرنگە پێکدێنێت و لە زۆربەی لاپەڕەکانیدا شیعری تێدایە، هەمووشیانی شیعری جوانی عەرەبییە کە لە رووی مانا و دەربڕینەوە، شیعری زۆر جوانن.

بابەتە گرنگەکانی ئەم کتێبە

بەدەر لە لایەنی ئەدەبی، ئەم کتێبە پێیەتی لە کەڵەک بابەتی جۆراوجۆر و گرنگ، کە کاتێک خوێنەر دەیخوێنێتەوە جۆرێ زۆری لێوەردەگرێت. ئەم کتێبە تەنها گەنجینەیەکی کەڵەک حکایەتی بۆرئاگردان نییە، بەڵکو گەنجینەیەی مەزووی بەشێکی گرنگی جیهانە. ئەمە لەرگەی ئەم کتێبەوە، تاکادێمیک وێنەیەکی گشتی ئەم ناوچانەمان لا دروست دەبێت کە لە حکایەتەکاندا باسیان کراوە بەتایبەتی گەلانی خەرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و چین و هیندستان و ئاسیای ناوەڕاست و یۆنانی کۆن. هاووڵاتیانی ئاسایی، مەلیک و نەجیبزادەکان، کۆیلە و نەجیبزادەکان، ئەهلی قەڵەم و ئەهلی شمشیر و ئەهلی بازاڕ و ئیمانداری،ئەهلی کێف و خۆشیی و رابواردن، هەموویان لەم کتێبەدا جگەی خۆیان کردەتەوە. ئەمەش داهێنان و شتێکی نوێ بووە، کە کتێبێک هەموو ئەو خەڵکە جۆراجۆرانە کەبکاتەوە.

لایەکی ترەوە ئەم کتێبە تەنها باسی چینێکی کۆمەڵایەتی ناکات، بگرە باسی هەموو ئەو چین و توێژانە دەکات کە لەو سەردەمەدا هەبووون. ئەمە خانمێکی بەرێز ، لەشفرۆش، سەماکەر، کەنیزەک دەبینین، هەروەها پیاوی رێزدار، شەوتباز، پیاوکوژ، میهرەبان . هەموویان حکایەتی خۆیانیان هەیە. ئەمەش جوانیی زۆری بەم کتێبە داوە، چونکە ئەمە تەنها بە حکایەتی مەلیک و نەجیزاندەکان ئاشنا نابین، بەڵکو حکایەتی خەڵکی ئاساییشمان دەستدەکەوێت.

ئیرۆتیک

یەکێک لەو بابەتانەی کە مایەی سەرنجی من و زۆرێک لە ئەدیبان و

لەکوردەوارانی ئەدەبیشن ئاوایە، ئەم کتێبە لە زۆر شوێندا حکایەت و دیمەنی ئیرەتیکی زۆری تێدایە، ئەمەش لە کاتێکدا ئەمە لە گەلتی ئیسلامی بە گشتی و خەڵکاتی ناوچەکەدا بەتایبەتی، ئیرەتیک بە هەموو شێوەیەک قەدەغە و حەرام دانراوە. کەچی سەیر لەوەیە کە پشتر ئەم حکایەتانە دەماودەمیان کردووە لە کۆڕ و مەجلیسەکان خوێندراونەتەوەو باسکراون، بەڵای خەڵکیی و دەسەاتیشەوە نەبەتە هەی ئەوەی کە قەدەغە بکرێن یان حەرام بکرێن. هەندێکی تر پێیان وایە باسکردنی بابەتی سێکسیی و پەیوەندی خێزانی نەوان ژن و پیاوان، خاڵێکی گرنگی تری ئەم حکایەتانەیە، چونکە هەست دەکرێت ئەم حکایەتانە هەڵقووڵاوی ژیانی ڕۆژانەی ئەوکاتەی خەڵکی خەڵکات بووە، پەیوەندی خێزانیی و سێکسیش ، بابەتێکن کە پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە جا لە هەر سەردەم و قۆناغێکی مێژوویشدا بن.
هەربۆیە زۆرکەس حکایەتە ئیرەتیکەکانی ناو هەزارو یەک شەو، بە سەرەتای لەدایکبوونی ئەدەبی ئیرەتیک و دواتریش فیلمی پەرنە دادەنێن.
ئەو دیمەنە ئیرەتیکیانەی ناو حکایەتەکانیش وایکردووە کە نەک تەنها لە ڕووی ئەدەبییەوە، بەڵکو لەڕووی هونەری تابلۆکێشانییشەوە کاریگەری هەبێت و زۆر تابلۆکێشی جیهانیش هاتوون بە کاریگەری حکایەتەکانی هەزارو یەک شەو، تابلۆی جوان و گرنگیان کێشاوە.

حوکمەانی خەرهەاتی
کاتێک خوێنەر ئەم حکایەتانە دەخوێنێتەوە، کەمێک بەرچاوڕوونیی و زانیاری لەبارەی شێوازی حوکمەانی ئەم ناوچەیە دەستدەکەوێت، ئەو وێنەیەش زیاتر ، وێنەیەکی ناشیرینی حوکمەانی بووە، حاکم یان مەلیک و والییەکان، وەات و ناوچەکانیان بە شێوازێکی حوکمەانی ڕەها و تاکەویی کە ئەمە بە دیکتاتەری وەسف دەکرێت، بەڵام بردووە. خەڵکانی ئەم ناوچەیەش زیاتر وەکو ڕەعیەت و زێرجاریش وەکو کەیلە سەیرکراون بەتایبەتی هەژار و کەمدرامەتەکانی شارەکان، جووتیار و سەپانی گوندەکان. لەپەنا ئەمانەشدا هەست بە خەشگوزەرانیی و بەختەوەری ژیانی میر و پادشاکان دەکەین، لە چ نازو نیعمەتێکدا ژیان و چەن داهاتی وەاتایان بە خەیان و ماڵ ومنداڵیان تاڵان کردووەو کەسیش نەیوێراوە هیچ قسە بکات یان ناڕەزایی دەربببڕێت.

هارون ڕەشید
یەکێک لە پادشا ناسراوەکانی عیراق و خەرهەاتی ناوەاستیش هاورن ڕەشیدە. دیارە قسەی جیاواز لە بارەی ئەم حاکمەوە دەکرێت،

هەندێکیان بە حاکمێکی ملهوڕ و هەڵەسباز و شەهوانی ناوید دەبەن، هەندێکیش بە باشترین حاکم و پادشای ڕووناکبیر ناوی دەهێنن. بەهەرحاڵ هیچ مەلیک و حاکمێوانێکی خەرهەڵات، هێندەی هارون ڕەشید لەناو ئەم حکایەتانە ناوی نەهاتووە، هەربۆیە زۆرکەس پێیان وایە کە ئەم حکایەتانە بەشێکیان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی هارون ڕەشیدا نوسراون. لە ڕێگەی کەمەندێک حکایەتەوە ئاگاداری ڕووشی سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەبین لە سایەی حوکمڕانی هارون ڕەشیدا.
لە پەنا هارون ڕەشیدا کەمەندێک کەسایەتی تر کە لەوەڕ نزیک بوون یان بەشێک بوون لە فەرمانڕەوایەتێکەی، ناویان دێت لە پێش هەموویانەوە شاعیری ناسراوی عەرەب ئەبونەواس، وەزیری ناودار جەعفەر بەرمەکی، مەسروری شمشێر وەشێنییەتی، لە زێر شوێندا باسی دەڵێقیی مەسروری شمشێر وەشێنی هارون ڕەشید دەکرێت.

ئاژەڵ
لەپەنا مرۆڤ و دەروبەری، ئاژەڵ لەم حکایەتانەدا پانتایی گەورەیان بەردەکەوێت، هیچ حکایەت و چیرۆک و ئەفسانەیەک، هێندەی هەزارو یەک شەو باسی ئاژەڵەکانی تێدا نییە. لە زێر شوێندا ئاژەڵەکان ڕەحیان لەبەر دەکرێت و دێنە گۆ و لە هەندێک شوێنشدا بە زمانی شیعر باسیان دەکرێت. ئەمەش شەوازێکی جوان بووە، کە دواجار ڕێگەی خۆشکر بە لەدایکبوونی هەزاران حکایەتی هاوشێوەی کە باسی ئاژەڵەکان دەکات.
لە زێر شوێنیشدا مرۆڤەکان دەکرێنە ئاژەڵ ، لەمشدا سیحر ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، دەتوانم بڵێم ئەم مەسەلەیە لە زێر حکایەتدا دەبینین کە ژنێک یان پیاوێک لەلایەن ساحیرەکەوە کراوە بە سەگ یان پشیلە یان مار.
جگەی ئاماژەیە لە سەدەکانی دواتردا ئەم شەوازە لە ڕەماندا بەکاردێت، کە ئاژەڵ ببێنە پاڵەوانی ڕەمان بە نموونە ڕەمانی " مەزاری ئاژەڵان" ی جەرج ئەریل.

خەرهەڵاتی ناوەڕاست
بەشێکی زۆری حکایەتەکان لە ناو شار و دەهاتەکانی خەرهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو دەدەن. ئەڕە دەبێتە مەیدانی سەرەکی حکایەتەکانی بەتایبەتی شاری بەغدا، لە هەموو شارەکانی تری خەرهەڵات باس دەکرێت، هەرئەمەش وەکو بەڵگەیەک بەکاردەهێنرێت کە ئەم حکایەتانە لە سەردەمی هارون ڕەشیدا نووسراون. لەپەنا بەغداش، شاری بەسرە، موسڵ، حەڵەب، موسڵ، دیاربەکر، قاهیرە دەن. بەشێکی زۆری

حکایەتەکان لەم شارانە ڕوو دەدەن یان پاڵەوانەکان بەناویاندا تەدەپڕن. لەڕاشەوە کەمێک ئاشنای ژیانی سیاسی و ئابووریی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەم شوێنانە دەبین.

قوستەنتینییە

قوستەنتینییە کە ئێستا پێی دەڵێن ئیستنبوڵ، شارێکی ترە کە پانتایی باشی بە داگیرکراوە، بەتایبەتی لەحکایەتیی مەلیک عومەر و هەردوو کوڕەکەی شیرکان و زاوەی مەکان، کە یەکێکە لە حکایەتە درێژەکان و نزیکەی 200 لاپەڕەی کتێبەکە باس لەم حکایەتە دەکات. بەشێکی زۆری حکایەتەکە باسی چۆنێتی هاوەدان بە پەلاماردان و داگیرکردنی شاری قوستەنتینییە دەکرێت لەلایەن لەشکری مسوڵمانانەوە، لەڕاشەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پەلاماردان و داگیرکردنی شاری قوتسەنتییە کە ئەوکاتە بە پایتەختی ئەوروپا دەناسرا و پایتەختی شارستانی یۆنانی کۆن بووە، دەمێک بووە مسوڵمانەکانی خەرهەڵات چاویان تێبڕیووەو ویستی داگیرکردنیان هەبووە بەئەوەی دەست بەسەر سەروت و سامان و ژنە جوانەکانیاندا بگرن، بەداخەوە دواجار لەلایەن تورکی عوسمانییەوە بەدەستەترین شێوە داگیر دەکرێت.

جیهانی کۆن و نوێ

جگە لە خەرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم حکایەتانە باسی جیهانی ئەوکاتە دەکات کە لە لایەن خەڵکی ناوچەکە ناسراوە بەتایبەتی وڵاتانی " چین، هیندستان، ئاسیای ناوەڕاست بەتایبەتی شاری سەمەرقەند، ئەفریقا" بەشێکی حکایەتەکان لە وڵاتانی دوورترەوە هاتوون بە نموونە حکایەتی " عەلی بابا و چل دزەکە" باسی کوڕی پینەدەزێکی چینی دەکات ، کە کوڕەکی تەمبەڵ بووە. هەروەها لە حکایەتی " بەرگدرو، کەمەڵ، پزیشکی جووە"، ئەمیش ڕووداوەکانی لە چین ڕوویداوە. واتە لەرەوە جیهان بە چین شارەزا بوون، پەدەچێت ئاسەی حکایەتەکەش لە چینەوە هاتبێت.

هەروەها جگە لە چین شاری سەمەرقەندیش دەبێتە مەیدانێکی تری حکایەتەکانی هەزار یەک شەو بەتایبەتی کاتێک باسی شای زەمان برای مەلیک شەهریار دەکات. لەڕاشەوە دیمەنێکی خەرامان لە بارەی ئەم شارە دەرینەی ئاسیاوە پەدەدات.

هەندێک حکایەتی دەگەنە ئەفریقا و هیندستان. جگە لە وڵاتانی سەرزەوی، گشتێکی گەورەی دەریاکانیشی تەدایە بەتایبەتی لە حکایەتی سندیبادا. هەربۆیە دەکرێت بڵێین حکایەتی هەزارو یەکشەو، یەکەمین کتێبی ئونیڤرسالە " جیهانی" بووەو باسی هەموو گۆلان و

ئاینزاناکانی جیهان کردووە. ئەمش خاڵکی تری سەرکەوتووی ئەم حکایەتانەیە ، هەرئەمش وایکردووە کە جۆری خوێنەرانی جیهان بەڵای خۆی رابکێشێت.

کاریگەرییەکانی بەسەر ئەدەب و هونەری جیهانەوە

لە پاش کتێبی ئینجیل هیچ کتێبێکی خەرهەڵات، هێندەی حکایەتی هەزارو یەک شەوە کاریگەری گەورەی بەسەر ئەدەب و هونەری جیهانییەوە بەجێنەهێشتووە بەتایبەتی بەسەر ئەوروپاوە. هەر لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ زمانی فەرەنسی، ئیتر کاریگەری ئەم کتێبە بەسەر جیهان بەگشتیی و خەرئاوا بەتایبەتی دەرکەوت. لە ساڵی 1704 بۆ 1717 لەلایەن خەرهەڵاتناس و وەرگێڕی فەرەنسی ئانتوان جالان بۆ یەکەم جار بەسەر زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوە. لەرێگەی زمانی فەرەنسیشەوە بۆ زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان وەرگێڕاوە. دواتر ئەم حکایەتانە بۆ زۆربەی زمانەی ئەوروپییەکانی تر وەدەگەڕێت و دەبێتە کتێبە ئەفسوناویەکەی خەرهەڵات، کە زۆربەی نوخبەی نووسەر و ئەدیبی ئەوروپا حەزیان بە خوێندنەوەی ئەم حکایەتە دەکەن.

بۆیەکەمجاریش ساڵی 1823 لە زمانی فەرەنسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی، دواتریش لە ساڵی 1837 -1841 بۆیەکەمجار لە زمانی عەرەبییەوە لەلایەن گوستاف ڤایل وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئەڵمانی، پاشان لە ساڵی 1907 دووبارە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و وەرگێڕی ئەڵمانی ڤێکسی گرێفەوە لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئەڵمانی.

تابلۆکێشان

لە ڕووی هونەرییەوە بەتایبەتی هونەری تابلۆکێشان، ئەم کتێبە ناخ و دەروونی کەمێکی زۆر لە تابلۆکێشە ناوداڕکانی ئەوروپای هەژاندووە، وایکردووە کە عیشقیان بە خەرهەڵات بجووڵێت و ئەم عیشقەش لە تابلۆکانیاندا دەربکەوێت. لە پێش هەموویانەوە تابلۆکێشی ناوداری فەرەنسی ژان ئۆگوست ئانگڕ "کە لە ساڵی1780 لەدایک بووە لە ساڵی 1867 کۆچی دوایکردووە." هەروەها ئۆژین دیلاکروا " لە ساڵی 1798 لەدایک بووە و لە ساڵی 1863 کۆچی دوایکردووە" کە ئەویش تابلۆکێشکی ناسراوی فەرەنسایە سەر بە قووتابخانەی ڕەمانسی بووە جێپەنجەی بەسەر مۆزووی هونەری تابلۆکێشانی فەرەنسا و جیهان دیارە. ئەم تابلۆکێشە هێندە حکایەتکانی هەزارو یەک شەوە کاریتکردبوو، کە هانیدا سەفەرێک بۆ وڵاتانی مەغریبی عەربی بکات و کەمێک تابلۆی نایابی مەغریبی عەرەبیی و خەرهەڵات بکێشێت. جگە لە کەمێک تابلۆکێشی تری جیهان،

کە بەشێکی زۆریان لە ڕۆگەی ئەم حکایەتانەوە وەنای خەرمانەکانیان لە مەشکیان کێشاوە.

لە ڕووی موزیک و گۆرانییەوە

لە ڕووی موزیکیشەوە ئەم کتێبە کاریگەری بەسەر زۆرێک لە کەمپانیست و موزیکژەنەکانی جیهانەوە هەبووە، بە یەکەمجار کەمپانیستی فەرەنسی فرانسوا ئاریان بەیلدیە لە ساڵی 1800 ئۆپەرایەکی بەناونیشانی "خەلیفەی بەغداد" ئامادەکرد و دواتریش هەر بەهەمان ناوەوە شاکارێکی موزیکی بەناوکردووە. دوای ئۆویش کەمپانیسی ئیتاڵیانی کارل ماریا ڤۆن ڤیبەر لە ساڵی 1811 شاکارێکی موزیکی بەناونیشانی " عەلی بابا" بەناوکردووە.

بەڵام لە هەموویان ناسراوتر ، کەمپانیستی ناوداری ڕوسیا کۆرساکۆڤ لە ساڵی 1888 دا لەپاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە، شاکارێکی مەزنی بەناونیشانی " شەهرەزاد" بەناوکردووە. دواتر بووە یەکێک لە شاکارە موزیکییە جیهانییەکان کە هەتاوەکو ئەمڕۆش لە جیهاندا بە بەردەوامی لێدەدرێتەوە، هەر کە باسی ئەم کتێبە دەکرێت، یەکسەر ئۆو پارچە موزیکییە لێدەدرێت.

لە خەرمانەکانیش ژنە گۆرانبێژی میسری ئوم کەلسوم، یەکێک لە گۆرانییە جوانەکانی بەناوی " هەزارو یەک شەوە" یە، کە یەکێکە لە گۆرانییە جوانەکانیی و هەتاوەکو ئێستاش لەناو ناخ و دڕوونی خەلکی خەرمانەتادا ماوە. جگە لە زۆر کەمپانیست و موزیکژەن و گۆرانیبێژی تری جیهان.

لەڕووی فیلم و کاری سینەمایی و تەلەڤزیۆنییەوە

هیچ کتێبێک هێندەی هەزارو یەک شەوە کاریگەری بەسەری کاری سینەماو تیڤییەوە نەبووە، هەر لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە هەتاوەکو ئەمڕۆ. بەیەکەمجار دەرهێنەری فەرەنسی جۆرج میلییس فیلمی " کەشکی هەزار و یەک شەوە" لە ساڵی 1905 بەرهەمهێناوە. لە ساڵی 1924 دا فیلمی " دزی بەغداد" لەلایەن دەرهێنەر رائول والچ بەرهەمهێناوە. دواییەنجاریش لەلایەن دەرهێنەری ئیتاڵی پاولۆ بازلینی لە ساڵی 1974 دا فیلمی " گوڵی هەزار و یەک شەوە" بەرهەمهێنرا.

لەڕووی فیلمی کارتۆنیشەوە کاریگەری هەبووە، لەڕاستیشدا بە حوکمی ئەوەی ئەم کتێبە کەمێک حکایەتی ئەفسوناویی لەخۆ دەگرێت، بۆیە مندااڵەوە زۆر خۆشن، من خۆم کاتێک منداڵ بووم زۆر حەزم بە فیلم کارتۆنەکانی " سندیباد، عەلادین ، هەزارو یەک شەوە" هەبوو. ئەم فیلمە کارتۆنانە دونیای خەیاڵ لای منداڵ زۆر فراوان دەکەن.

بەیەکەمجار لە ئەمریکا لە ساڵی 1959 وەکو فیلم کارتۆنی لەلایەن

جاک کینی بەرهەمهێنرا، دواتریش لایەن فیلمسازی ژاپۆنییەوە ئاسامە تیزیکا لە ساڵی 1969 بەشوەیکی جوانتر و مۆدێرنتر فیلم کارتۆنی هەزار یەک شەو هاتە بەرهەم.

ئۆپێرا
لەرووی ئۆپێراشەوە کاریگەری زۆر گەورەی هەبووە، هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا، چێندینجار کراوە بە ئۆپێرا، ئەمش بەهۆی ئەوەی کە زۆرێک لە حکایەتەکانی هەزارو یەک شەو، دەرفەتی زۆربەشی تێدایە بۆئەوەی لەرووی هونەری ئۆپێراوە کاری لەسەر بکرێت، بۆیەکەمجاریش لایەن کۆمپۆنیس و موزیکژانی فەرەنسی فرانسوا ئاریان بۆیلدیە لە ساڵی 1800 ئۆپێرای خەلیفەی بەغداد" نمایشکرا، هەر لەگەڵ ئەم ئۆپێرایەشدا شاکارە موزیکییەکەی بە دانا. لە پاش بۆیلدیەوە 12 جاری تر وەکو ئۆپێرا هەزارو یەک شەوە نمایشکراوە دوایینجاریش لە ساڵی 2012 لە ئۆپێرای ڤیێننا لە نەمسا بەناونیشانی " هەزار و یەک شەو" نمایشکراوە.
لەرووی شانشەوە زۆرێک لە حکایەتەکانی کراون بە کاری شانۆیی لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا لەسەر تەختی شانۆ نمایشکراوە.

کاریگەری بەسەر ئەدەبی جیهانەوە
کاریگەری بەسەر ئەدەبی جیهانیشەوە زۆر دیارە، بۆتایبەتی نووسەران و رووناکبیران و فەیلەسوفانی ئەوروپا لە سەدەکانی ڕۆشنگەری. لەمبارەیەوە ڤۆلتێر فەیلەسوفی ناسراوی فەرەنسا دەڵێت: من هەتاوەکو 14 جار حکایەتەکانی هەزارو یەک شەوم نەخوێندەوە، نەبووم بە چیرۆکنووس"
ژنە ڕەخنەگری ئەمانی ئارموندە هەلەر دەڵێت: حکایەتی هەزارو یەک شەو، توانی وێنەیەکی ڕەمانسیی و خەیاڵیی لە زیهنی ئەمەدا بەرامبەر خەرهەڵات دروست بکات ." هیچ کتێب و نووسەرێکی خەرهەڵات، هێندەی ئەم حکایەتانە کاریگەری بەسەر ئەدەبی ئەوروپییەوە نەبووە. هەروەها ئەم کتێبە بە قوڵی ناخی شاعیرو بیرمەندی ئەمانی گۆتەی هەژاندووەو کاری تێکردووە.

کاریگەری بەسەر ڕەمان و چیرۆکی ئەوروپییەوە
زۆر مێژوونوسی ئەدەبی ئەوروپی پێیان وایە، کە ئەم کتێبە کاریگەری گەورەی بەسەر ئەو ڕەمان و حکایەتە ئەوروپییانەوە هەبووە، کە بە بەردی بناغەی ڕەمان و چیرۆکی ئەوروپی دادەنرێن. بە نموونە ئەم کاریگەرییە بەسەر حکایەتەکانی " سەمیرامیس و شازادەی بابل" ی ڤۆلتێر زاڵە، هەروەها نووسەر و ئەدیبی ناسراوی ئینگلیزی جیمس مەریر " لە 1780 لەدایک بووەو لە ساڵی 1849 کۆچی دواییکردووە" لە

بەشێکی زۆری کارەکانیدا، هەست بەم کاریگەرییە دەکەین بەتایبەتی لە حکایەتەکانی " حاجی بابا، موسلیمە، میرزا و حکایەتی فارسی" . هەروەها هەست بەم کاریگەرییە گەورەیە بەسەر فیلەسوفی ناسراوی فەرەنسا و ئەوروپا مۆنتیسکۆ دەکەین ، بەتایبەتی لە کتێبی " نامە فارسییەکان"دا. هەروەها رۆمانە ناسراوەکەی سەرکەشییەکانی ڕۆبنسن کروز کە لە نووسینی نووسەری ناوداری ئینگلیزی دانیەل دیفۆ،" لە ساڵی 1660 لەدایک بووە و لە ساڵی 1731 کۆچی دوایی کردووە." هەروەها سەفەرەکانی کالیڤەرز لە نووسینی نووسەری ناوداری ئینگلیزی جۆناتان سویف " لە ساڵی 1667 لەدایک بووە و لە ساڵی 1745 کۆچ دواییکردووە"، ئەم دوو ڕۆمانەش کە بە ڕۆمانە بنەڕەتییەکانی ڕۆمانی ئینگلیزی و ئەوروپی دادەنرێن، بەشێکی زۆری حکایەتەکانیان لە حکایەتی سندیبادەوە بردووە کە یەکێکە لە حکایەتەکانی هەزارو یەک شەو.

نووسەری ناوداری روسیش لیۆ تۆلستۆی زۆر هەواداری ئەدەبی خۆرهەڵاتی بووە، بەتایبەتیش حکایەتەکانی هەزار و یەک شەو، زۆر کاری تێکردووە. ئەم کاریگەرییە گەورەیەش لە حکایەتی " پاشاو بازرگانی" بە ڕوونی دیارە. هەرچەندە ئەم حکایەتەی، حکایەتێکە بە منداڵان نووسراوە و دەچێتە قاڵبی ئەدەبی منداڵانەوە. ئەم حکایەتەش لەژێر کاریگەری حکایەتەکانی هەزارو یەک شەو نووسراوە بەتایبەتی حکایەتی " قەدەر زەمان"

کاریگەرییەکانی لەسەر ژانرە جیاوازەکانی ڕۆمان

هیچ کتێبێکی جیهان هەندێ حکایەتی هەزارو یەک شەو کاریگەری بەسەر ئەدەبیاتی جیهانەوە نەکردووە بەتایبەتی لەرووی چیرۆک و ڕۆمانەوە. زۆرکەس بە دایکی هەموو چیرۆک و ڕۆمانەکانی دادەنێن. لەم کتێبەدا ڕۆحی " گەشتوگوزار، پاڵەوان، فەنتازیا، خەیاڵ، زمانی شیعری، گرێی ناو چیرۆک، دیالۆگ" دەردەکەوێت. هەربۆیە ئەم کتێبە دەبێتە ئیلهامبەخش و سەرچاوەی داهێنان و ئەفراندنی ژانری نوێی چیرۆک و ڕۆمان لە پێش هەموویانەوە " ڕۆمانی خەیاڵی، ئیرۆتیک، پۆلیسیی، خۆشەویستی، مێژوویی"

ڕۆمانی خەیاڵئامێز و ئەفسووناوی

حکایەتی هەزارو یەک شەوە ڕاستەڵەیەکەوە باسی ژیانێکی هەقیقی دەکات بەڵام لە پێناو ئەم هەقیقەتەشدا، ئەمە جیهانێکی خەیاڵیی و فەنتازیا دەبینین، ئەمەش لە کۆمەڵێک حکایەتی سیر و سەرەدا دەردەکەوێت کە تێیدا پاڵەوانەکانی هێز و توانای ناسروشتییان هەیە بەتایبەتی لە حکایەتەکانی " سندیباد، عەلی بابا ، عەلادین"دا ئەو

حکایەتانەش بوونەتە سەرچاوەو سەرەتایەک بۆ ڕۆمان و چیرۆکی خەیاڵئامێز کە دواتریش ڕۆمانی " خەیاڵی زانستی-science fiction" و ماگیی ریالیزمی" واقعی سیحری" تێدا لێدایک دەبێت.

ئێدگەبی ترسناک

باسەکەی تر کە لە حکایەتەکانی هەزارو یەک شەودا بە ڕوونی دەردەکەوێت، مەسەلەی دەرکەوتنی جنۆکە و دێو و درەنجە، کە ئەمەش زەرجار ترس دەخاتە دڵی خوێنەری ئاسایییەوە، لەڕاشەوە ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێین، ئێدگەبی ترسناک جا " فیلم یان ڕۆمان و چیرۆک" لێدایک بووە. ئەمەش بەڕوونی لە حکایەتەکانی ناو هەزارو یەکشەوە دەردەکەوێت بەتایبەتی لە حکایەتەکانی " ماڵی مردووەکان، شاری مس" دا بە جوانی دەردەکەوێت، کەتێیدا باسی جنۆکە و ڕۆحی مردووەکان دەکات.

ئێدگەبی پۆلیسی

لە بەشێکی حکایەتەکانیدا باسی کەسانی دز و جەردە دەکات، لە حکایەتی " بەرگدرو، کەمڵە، پزیشکی جوو" کاتێک بەرگدروێک لە چین کەمڵەیەک دەباتەوە ماڵەوە ، لەکاتی نانخواردندا دەمرێت، ئەویش دەیبات بۆ ماڵی پزیشکە جووەکە و لە ژەرزەمینەکەدا فڕێی دەدا، دواتر پزیشکەکە تاوانبار دەکرێت بە کوشتنی کەمڵەکە، دواتر سوڵتان فەرمان دەردەکات بۆ سزادانی ئەو کەسانەی کە ئەم تاوانەیان کردووە، جگە لە بەرگدروەکە و پزیشکە جووەکە، نزیکەی 12 کەسی تر تەوە دەگلێن و هەرێەکەشیان باسی حکایەتی خۆی دەکات و لە کۆتاییدا تاوانبار دەدەزرێتەوە.

هەروەها لە حکایەتی کوشتنی کچە منداڵەکە یان " سێ سەوەکە" کاتێک لە باغدا تەرمی کچێکی منداڵ دەدەزرێتەوە، هارون ڕەشید داوا لە وەزیر جەعفەر دەکات دەبێت لە ماوەی سێ ڕۆژدا تاوانباری بۆ بدەزنەوە، ئەویش هەتا سێ ڕۆژەکە تەواو دەبێت تاوانبار نادەزێتەوە، دواتر خەریکە خودا حافیزی لە ژن و منداڵەکانی بکات و بچێت بۆ بەردەم مەسروری شمشێر وەشێن، تا ملی لە لاشەی بکاتەوە، کەچی لەپڕێکدا دوو کەس پەیدا دەبن و دەڵێن ئەمە کوشتوومانە، دواتر لەکەمینەوە دەستپەدەکات، ئەوانیش تاوانبار دەرناچن، دیسانەوە هارون ڕەشید سێ ڕۆژی تر مۆڵەت بە وەزیرەکەی دەدات، ئەویش دەگەڕێت تاوانبار نادەزێتەوە، دواتر ئاشکرا دەبێت کە کەیلەیەکی ڕەش سەوەکی بۆ کچەکە داوە، دواتر خواردوویەتی و ژەهر خواردوو بووە، ماوەیەکیش بۆ دوای کەیلەکەدا دەگەڕێن تا لەکۆتاییدا تاوانبار دەدەزنەوەو سزای دەدەن.

هەموو ئەمانەش سەرتایەکی گرنگ بوون بۆ دروستبوونی تەکنیک و فۆرمی ئەدەب و رەمانی پۆلیسی، کە لە مێژدا رەواجێکی زۆری هەیە.

هەندێک سەرنج

لێرەدا هەموو ئەو جوانیانەی کە لەم کتێبەدا هەیە، بەتەمام لە پەنا ئەوەشدا کەمێک سەرنج و تێبینی و رەخنەش لەم کتێبە دەگیرێت. لە پێش هەموویانەوە ئەم کتێبە بۆ چەندین جۆر چاپکراوە، لە جیاتی چاپێک و وەرگێڕانێک ، چەندەها وەرگێڕانی هەیە، کە زۆرجار خوێنەر سەری لێتێکدەچێت کامیان هەڵبژێرێت.

لەووی ناوەڕۆکیشەوە، زۆر رووداو، چیرۆک هەیە ، کە دووبارە و سێ بارە دەبنەوە، بۆ نموونە لە زۆر چیرۆکدا بابەتی " خیانەتی ژنێک لە پیاوەکەی، بەدگومان" گۆڕینی مرۆڤ لەرگەی سیحرەوە بۆ ئاژەڵ" ئەم دیمەنانە هەتاوەکو کۆتایی کتێبەکە بەردەوام دەبن.

کاریگەری ئەفسانەکان

لەلایەکی ترەوە لە زۆر شوێندا هەست بە کاریگەری ئەفسانە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا و هیندستان و ئێران و یۆنان بەسەر ئەم حکایەتانەوە هەیە، بگرە هەندێک چیرۆکی هەیە وەکو خۆی دانراوەتەوە. بۆتایبەتی ئەفسانەی گیلگامیش و کەلیلە و دیمنە، کە زۆر پێش حکایەتی هەزارو یەک شەوە نووسراون، لەم دوو ئەفسانەیەشدا " پاڵەوانی سیحر ئامێز، گۆڕینی مرۆڤەکان بۆ ئاژەڵ" رۆڵی سەرەکی دەگێڕن، بۆیە هەندێک لە لێکۆڵەرەکان پێیان وایە ، کە ئەم حکایەتانەش بەشێکن لەو ئەفسانە کۆنانە.

ژن سەرچاوەی خراپەکارییە

خاڵێکی تر کە زیاتر لەلایەن رەخنەگرە ڤەمینیستەکان لێیدەگرن ئەوەیە، کە وێنەی " ژن" لەم حکایەتانەدا لە زۆر شوێندا بە خراپ باسکراوەو زۆرجار باسی " فێڵبازیی و مەکری ژنان" دەکات، هەروەها ژن بە سەرچاوەی خراپەکاری دادەنێت، ئەمەش لە بەشێکی زۆری حکایەتەکاندا هەیە. بەتەمام لەهەمانکاتیشدا نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت، کە پاڵەوانی سەرەکی ئەم حکایەتانە شەهرەزادە، کە کچێکی زیرەکە و لەرەشدا زیرەکیی ژن دەردەکەوێت و پێگەی بەهێزی لەناو حکایەتەکاندا پێبەخشیوە.

وەرگێڕانی بە کوردی

دیارە ئەم حکایەتانە بە زۆر زمانی جیهان وەرگێڕاوە، پێشتریش لە کوردەواریدا لەناو مەجلیس و کۆبوونەوە خێزانیی و کەمایەتییەکاندا ئەم حکایەتانە جا هەمویان پێکەوە بن یان دانە دانە لەناو خۆیدا باسکراون، بەتەمام بەداخەوە زۆر درەنگ هەموو

حکایەتکان کراون بە کوردی. خەشبەختانە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە زمانی عەرەبیی و فارسییەوە ، لەلایەن کەمەک وەرگێڕی هەژاوە، کراوە بە کوردی، ئەمەش خزمەتکی باشی کتێبخانەی کوردی دەکات ، لەهەمانکاتیشدا خوێنەری کوردیش دەستی بەم شاکارە ئەدەبییە مەزنەی جیهان دەگات.

دوا قسە

بەدڵنیاییەوە ئەم کتێبە خاڵی زەر جوان و شاراوەی تەدایە، لەوانەیە من لەم وتارەدا تەنها ئاماژەم بە هەندێک خاڵ کردبێت، بەڵام ئەگەر بمانەوێت باش لەم حکایەتانە بگەین ، سەرەتا پێویستە جارێک یان دووجار ئەم حکایەتانە بخوێنینەوە، بەئەوەی هەم زانیاریی باشمان دەستبکەوێت و هەمیش جێژ لەو حکایەتە جوانانە وەربگرین، کە لەم کتێبەدا باسکراون. هیوادارم لە خوێنەران کە ئەم کتێبە بخوێننەوە بەتایبەتی ئەوانەی حەزیان بە چیرۆک و ئەفسانەیە، چونکە حکایەت و دیمەن و ڕووداوی زەر جوانی تێدایە.

سەرچاوە:

1/ ألف ليلة وليلة. الناشر مؤسسة هنداوي. لندن . المملكة المتحدة. 2017

1// ملهم فايز راضي. دراسة-تحليلية-لكتاب-ألف-ليلة-وليلة / https://mqqal.com

2/ محمد عبد الرحمن يونس. حكايات ألف ليلة وليلة تتمازج في ثقافات الأمم والشعوب. www.alarabiya.net

3/ عيسى مخلوف. شهرزاد أو الهجرة إلى الغرب. www.nidaalwatan.com .

4/ Tausendundeine Nacht zwischen Orient und Europa. www.hu-berlin.de/de

5/ Als Europa den Orient erfand Tilman Spreckelsen. www.faz.net/aktuell

چەند وێنەیەکی ورد "لەنێوگۆڕاوی ژیاندا" بۆ دروستبوونی وێنەیەکی گەورەتر.. ئۆژین فۆهمی

دەکرێ چەندین چیرۆکی ئەندێشەکراو لای هەر یەکێکمان بێ گێڕانەوە هەبێت، بەڵام ئاوڕی گرنگە وەها بگێڕینەوە لە هیچ کەسی تر نەچێت؛ گێڕانەوەی تایبەت بە خۆمانمان هەبێت و هەمیشەیش پێی بناسرێینەوە. ئیجا ئەو گێڕانەوە جیاوازە لە داڕشتنی وشەسازی، دەربڕینی هەندێك وشەی تایبەت بە خۆمان بێت، یاوەخود تەکنیک و وەسف کردنی دیمەنەکان و گرێچنی بێت. بەیە چەند گرنگە شارەزایی و کارامەییت لەخوێندنەوەی دەقی ئەوانی تر هەبێت، هێندەیش گرنگە لە دەقی خۆتدا چۆن کار دەکەیت و چیرۆکێکی جیاواز لە گێڕانەوە و ناوازە لە دەربڕین دادەڕێژیت. بۆ دووپات کردنەوەی ئەم چەند دێڕەی سەرەوەم، لە کۆمەڵە چیرۆکی "لەنێیو گۆڕاوی ژیاندا"ی چیرۆکنووس (گۆران سەمەد)دا بۆ ڕوونی بۆدیی دەکرێت. ئەم کتێبە لە نێ، کورتەچیرۆك پێکهاتووە.

نێ، چیرۆك لە کەشێکی جودا لە یەکدی، کە هەڤوڕاوی کۆمەڵك وێنەی وردن بۆ نیشاندانی وێنەیەکی باڵاتر، بەڵام خاڵکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش نیشاندانی وێنەی (ئیرتیك)ە، کۆ لە زۆرینەی چیرۆکەکاندا هەیە و تا ڕادەیەك چیرۆکنووسی پێ دەناسرێتەوە. نووسەر جگە لە خەمی تاك و کۆمەڵگە و نەهامەتییەکانیان، ئەو خەمکی گەورەیش لە پشت ئیرتیکەوە باس دەکات، ئیرتیك بە مانای ئەوەی، کە وێنەکان سرووشتی وەك ئەوەی هەن، بێ هیچ تێومژێک، ببینرێن.

نووسەر هەر لەڕێگەی وێنە هەستیارەکانەوە نیشانی داوین، کە چەند سرووشتین، بێ گومان ئیرتیکایش هەستی بزواندنە، کە دەشێ لە ژیانی هەر یەکێکماندا هەبێت و ئەمستایش لەم چیرۆکانە بەری دەکەوین. هەرچەندە نووسەر لە چیرۆکەکانیدا هەموو شتێکی باس نەکردووە و زۆر شتی لێ تاریکیدا بێ خوێنەر بۆچێ هێشتوە، لەگێڕ ئاوڕیشدا، ئەوەی پێویست بووە گوتویەتی، بەڵام لە ڕێگەی وێنەکانەوە وێنەی تر دەبینین. گەر سەرنج بدەینە ناونیشانی کتێبەکە "لەنێو گۆڕاوی ژیاندا" ئەوە باش دیارە، کە مرۆڤ لە بەدبەختییەکانی و سەر

لەشواوییەکانی نەو ژیاندا کەوتووەتە نەو گۆڕاوەوە. جا ئەو گۆڕاوە چەند هەندێ هەیە و لە هەر چیرۆکێکدا بە شێوەیەک دەردەکەوێت. هەر بە خوێندنەوەی چیرۆکەکان هەست بە وردە چنینی دەکەین، دەرك بەوە دەکەین شتگەلێك کەشف دەکات و دنیایەکی جیاواز لە سەربەستی هەیە. بەو چەشنەی کارەکتەرەکان بەجەستە و ئازادن، بە دڵی خۆیان دێن و دەسوڕێن، نەك بە خواستی دڵی نووسەر گوزەر بکەن. ئەم ئازاد کارکردن و کارەکتەر ناسییە وای کردووە چیرۆکەکان جۆگەی خۆیان لای خوێنەر بکەنەوە و هێوداو و دیمەنەکان بیر نەچنەوە، تەنانەت خوێنەر بە خوێندنەوەی یەکێکیان پەرۆشی خوێندنەوەی ئەوانی تر دەبێت. لێرەدا بە باشم زانی بە چەند دێڕێك باس لە هەر نە چیرۆکەکە بکەم، هەرچەندە زۆرینەیان قسەی زۆر هەڵدەگرن، بەڵام لام وایە "ئالودە بەو تەنیایی"، شەشەمین چیرۆکە، لە بارەیەوە تێڕامانی زیاترم بۆی هەبێ و زۆدەتر لەبارەیەوە بدوێم. چیرۆکی "دوو خولەك و پەنجاوسێ چرکە بە کاتژمێرەکەی دەستم" بە چەند دێڕێك لە بارەیەوە دەدوێم: ئەم چیرۆکە، مانشتئاسایە، بۆ من تەکنیکێکی نوێترەو لەکارەکانی تری نووسەر، ئەم هێرشەرتاژ کار کردنە وای لە دەقەکە کردووە، گەر هەر پارچەیەك لە چیرۆکەکە وەربگرین، چیرۆکێکی سەربەخۆیە، دەشکرێ پارچەکانی چیرۆکەکان تەواوکەری یەکدی بن و بۆ یەکدی مانای تەواو نەدەن بەدەستەوە. بۆگومان ئەم شێوازە کار کردنە خزمەت بە چیرۆکەکە دەکات و وای لێ دەکات بەر شێواز و تەکنیکێکی نوێ بکەوین. نووسەر، لە هۆگەی کەسی یەکەمەوە بە زمانێکی پاراو و سادە، کە توخنی ناوچەگەرایی نەکەوتووە، چیرۆکی سەرگوزەشتەی خۆی و دڵدارەکەی لە بەغدا، کە بۆ بژێوی ژیان دەچێتە ئەوێ، بۆ هاوڕێکەی دەگێڕێتەوە. پاڵەوان لەکاتی گەیانەوەدا بە نێو کەش و کوچە و کۆلانەکانی بەغدادا دەمانگێڕێت. وەها باش وێنەکانی گەیاندووە لە ئەمە وایە لە شەقامی "موتەنەبین" و بە دیار هاتن و چوونی پاڵەوانەکەوێین و تا دەگات بەوەی لە کونێکەوە سەیری نزیك بوونی ئەو و دڵدارەکەی بکەین. ئەم چیرۆکە بە هونەرێکی بەرز نووسراوە، هونەرێك تژی لە وێنەی جۆرا و جۆر و بینراو. دوابەدوای ئەوە نووسەر لەو هۆگەیەوە باسی عیشقێکی ناکام لەژێر سایەی پارە و دەستەڵات دەکات، پێشمان دەڵێت: عیشق باڵاترە لە هەر شتێك، کە مرۆڤ بایەخی بۆ داناوە. بۆ سەلماندنی ئەوەیش بۆ گوێدانە هیچ شتێك، پاڵەوان و دڵدارەکەی لەو غەریبییەدا بەردەوامی دەدەن بە عیشقەکەیان. هەر لە هۆگەی پاڵەوانەکەوە بەر زۆر شتی نەبینراو دەکەوین، کە چەندین پرسیار دەوروژێنێت. بۆیە گەر لە دێڕەکانی نێو چیرۆکەکە ورد بینەوە دەرك بەوە دەکەین، نووسەر جگە لەوەی وەك نووسەرێك نووسیویەتی و خۆی بۆ بەری کردووە لە هۆگەزی نووسەربوون،

کەچی ئەوەی گرنگە چۆکردنەوە و کورتبڕی لە گۆرانەوەی چەندین ساڵە کردووە.
(گۆران سەمەد) بە زمانێکی پاراو و بە چەند لاپەرەیەك، چیرۆکی چەندین ساڵمان بۆ چۆ دەکاتەوە. لە چیرۆکی "گەنیو نەبوون"دا، بۆر تۆکنیکێکی تر دەکەوین، بە نموونە هەیکەلی ئەم چیرۆکە، تا دەگات بە ناواخنیشی، سەرتاپای لە خزمەتی دەخی سایکۆلۆژیی کارەکتەرەکەدایە. بار و دەخی چیرۆکەکە سەروکاری لەگەڵ جەنگدا هەیە و کارەکتەر لەنێوان مەرگ و ژیاندایە. بە هێوونی لێك چونێك لەنێوان ئەم چیرۆکە و چیرۆکی "دواهەمین وێنە"دا هەیە. گەرچی کارەکتەرەکەمان بە ناوە، بەڵام هۆکاری بە ناوییەکەی بە بەدبەختییەکانی دەگەڕێتەوە… گەر بە ناویش بووایت، شتێك نامێنێتەوە گرۆدراوی ناونیشان بێت. گەرچی لەچەند دێڕێکدا هەست بە دەربڕینێکی چەشنی وتار نووسین و جۆرە ڕاستەوخۆ دەربڕینێک دەکەوین، بەڵام لام وایە ئەم دەربڕینە وتارئاسا و ڕاستەوخۆییە زۆر جار وا دەخوازێت بە نێو چیرۆك، هەنگبێت ئەم جۆرە لە گۆرانەوە، بەرەو قووڵایی بمانبات، هاوکات لێرەدا گرنگە نووسەر بتوانێت تەمان بگەیەنێت و پەیامەکەیشی وەك ئەوەی ویستوویەتی بگات.
بە نموونە گەر بڕوانین لە دوا دێرەکانی ل (٢٤) بە هێوونی ئەمە دەبینین. بڕیە دەکرێت بڵێم: ئەم چەند دێڕەی باسی (قاتیل بونی گیانی خۆت و شانازی کردن بەم قاتیل بوونەوە) دەکات، لام وایە ئەم داشتن و دەربڕینە، چەندە وتارئاسایە، هێندەیش هونەرییانەیە و لێرەدا بۆ چیرۆکێکە گرنگە. لەم چیرۆکەدا نیگەرانییەکانی (ئەدگار ئالانپۆ)مان بیر دێنێتەوە، بۆگومان هەمان نیگەرانی و تەومژییەکانی نێو چیرۆکەکانی (ئالانپۆ) نییە، بەڵکوو نیگەرانییەکی تڕە، کە وای لە کارەکتەرەکە کردووە شوێن بەخێی نەگرێت و زۆر کات لە دواندنی خۆیدا بێت. کارەکتەر، چاوەڕێی هاتنی کەسێکە، هەر ئەم خۆ دواندنەیش، لێم چاوەڕوانییەدا وای کردووە ئەم چیرۆکە هەڵگری پەیامێکی قووڵبێت و چەندین لایەنی سایکۆلۆژی لەخۆ بگرێت. لە چیرۆکی "ئاخێز" یشدا، نووسەر گرنگی بە پێوەندی نێوان دوو عاشق دەدات، بۆگومان ئەو پێوەندییەیش پرسێکی گەورەیە لە چیرۆکەکەدا و وێنەی داوەتەوە. خەیاڵی چیرۆکەکە لەو چیرۆکانەیە، کە کەوتووەتە ژێر کەشکی ساردی زستانی و بۆنی خاك و عیشقێکی جوان. لێرەدا (گۆران سەمەد) بە ئاگایەوە دەستی بۆ بابەتەکە بردووە و وای کردووە وێنە ئیرۆتیکییەکان وەك ئەوەی هەیە چاوی کامڕاکەی لە خزمەتی وێنەکان داناوە. کامڕاکەیش وێنەکانی وەك خۆی، بۆ زیاد و کەم، گۆیاندووە. بۆگومان دەربڕینی وشەگەلێك لە ئامانجی نیشاندانی وێنەی هەستیار و ئیرۆتیك، پێویستی بەوەیە

وشەی کەم و ئامانجدار بەکار بێت، لەم چەند دێەی خوارەم نیشاندانی وێنەکان و ئابووری وشە دەسەلمێنێت. ل (31) گوتی: دەخێیتەوە؟ گوتم: لەوە دەچێت... لەو باوەەدا بووم دەرك بە شتێکی سەیر بکات، پێشبینی ترسکم لێی دەکرد. گوتی: جەناب خێش دەژییت... گوتم: من؟ گوتی شوشەکە قەب بکەمەوە، یان چێێکت بێ تکەم؟ باگم دایەوە: تکایە، چێێك... جووەکانی جرك بوون. زر کێنتێێ و بەئاگا. هیشتا جلەکانی دانەکەندبوون. تەنیا ماچی هاتنیمان گێێیبووەوە...

لە چیرکی "بووکەە پەێینەکاندا" نووسەر بە شێوازکی هونەری سووژە و دەربێنکانی چنیووە، ئەم چیرکە پشتی بە نیشاندانی وێنەی منداڵی بەستووە. شتکی ئاشکرایە سەردەمی منداڵی هەر یەککمان بایەخکی گرنگی لە یادەوەریماندا هەیە، منداڵیی دەتوانێت هەقووڵاوی چەندان بیرکەی کار کردن بێت لە چیرکدا. لێو بێوایدام، نووسەریش ئەم بیرکەیەی لە منداڵیی خێیەو وەرگرتووە. لێم چیرکدا تەمەنی منداڵی لێنەوێندی کارکدایە و هەموو شتکان بە دووری ئەو یادەوەرییاندا دسوێنەوە، کە جارکی تر هەرگیز ناگێێنەوە. لێرەدا پوختەیەکی چیرکەکە دێنمە باسەوە: ئەم چیرکە لە ژینگێیکی هاوێیانەی منداڵیدا دسوێتەوە؛ هەروەك چێن لە چیرکی یەکەمدا نووسەر سوودی لە هاوێی ڵاستەقینە وەرگرتبوو، بەڵام لێرەدا باس کردنی هاوێ شتکی تیرە، بەکەمك جوداوازییەوە. لێرەدا ئەوەی جەختی لەسەر کراوەتەوە منداڵییە، یادەوەری (کدە و کارێیە)، کە یاداشت کراوە و خێیان چیرکەکە دەگێێنەوە. یادەوەرییەك لەنێو فیلمی کارتێن و یارییە منداڵییەکانییاندا بەرجەستەیە. بگومان ئەو بەرجەستە بوونە وێنەی جوانی سەردەمی منداڵی ئەفراندووە. لەیەك چواندنی ئەو فیلەی یاری پێدەکەن و ئەو فیلەیشی لە چیرکەکانی دادە سەیراندا هەیە. شایانی باسە چیرکەکە ێێوشکی تایبەت بە دنیای منداڵان لێخ دگرێت، کە خێزان تێیدا سەرپشکە.

هەبوونی خێزانیش لێم چیرکدا، وای کردووە چیرکەکە ساکار و پاك و سرووشتی دەرکەوێت. کتایی هاتنی چیرککێیش بە تراژیدیایە، ناوەێکێی تێواو پکاوە و هەگری چەندان پەیامی جیاوازە، کە دەکرێ لای هەر خوێنەرك جیاواز بێت.

لە چیرکی "دواهەمین وێنە، ێوون نییە کەی دەبێتە دەستپك" دا : نووسەر لەم چیرکەیشدا تیشکی خستووەتە سەر وێنەکان، بەڵام ئەم وێنەیەی لێرەدا دەبینرێت جیاوازترە لە وێنکانی پێشووتر، بگومان وێنەیش پاێنەرکە بێ مانەوە، بە خێشی و ناخێشییەکانەوە، ئەوەی دەکرێ بیبینین نیشاندانی کارەساتی بالیسانە، دەکرێ تەواوی

ووداوەکانی ئەم کارەساتەمان یاد نێتەوە، گەرچی خەیشمان لەو ئامادە نەبووین، بەڵام نووسەر لێرەدا، بە نیشاندانی وێنەکان بەمان دەگێتەوە، وەک ئاوێنەی خەمان لەو بووین. چرکاندنی وێنەیەک، ئاو ساتەمان بۆ تا ئێبد لاوێدا، بۆ جووڵە دەهێنێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم چیرۆکە بە زمانی کەسی یەکەم داڕژراوە، لە تەوایە ئەم کارەساتە، گەر تەواوی کارەساتەکانیش نەبێت، ئاوا نووسەر ژیانی خۆی کردووەتە چیرۆک. گەر بە زمانی کەسی دووەم و سێیەمی تاك نووسرابوایە، شتێکی تربوایە و بە جۆرێکی تر بەری بکەوتینایە. سەرلەنوێ نووسەر، لەم چیرۆکەیشدا، خۆی بۆ بەری نەکردووە لە کەمەگە، گەرچی لەگ چوونێک لەگەنوان ئەم چیرۆکە و چیرۆکی پێشتردا هەیە، بەڵام شایانی باسە بڵێم: ئەم خۆ دووبارە کردنەوەی نووسەر بۆ مەبەست نییە. بە چەشنێکی تر و پلەتیکی تر داشتنێکی جوانی نووسیوەتەوە. دەکرێ لە هەر کونجێکدا وێنەیەکی جوداوازی بەدبەختی و ئاستەقینە و تەنانەت کارەساتەکانیش ببینین. لە چیرۆکی "ئالووودە بە تەنیایی" دا، چیرۆکەکە لام وایە پێویستە زیاتر لەبارەوە بدوێم و زیاتریش قسە هەڵدەگرێت. لێرەدا بە گشتەرەوەی هەموو شت زان نووسەر هەوێداوە ئاپڕچی نێو ئەم چیرۆکەمان بکات. ئاشکرایە ئالووودە بە هەر شتێك بین، گەی تێدەچێت و لە ژێر فشاری شتگەلێکەوە ئالووودە بووبین، بەڵام گەر ورد بینەوە زۆر جار بە هەر هۆکارێك بێت، تەنیایی وا دەکات ئالووودە بین، ئەوەی لێرەدا پێویستە بڵێم ئالووودە بوون بە تەنیایی سەختە، تەنیایی پرسێکی فەلسەفی، مرۆیی و خودگەراییە، دەکرێ هەر کەسێك بچوونێکی لەبارەوە هەبێت.
زۆر جاریش هەر تەنیاییە داتەماڵێت و دەتشکێنێت، تەنیاییەك تێدا سەر لێ شێواو بیت، هاوکات گەر ئەم تەنیاییە پشتگوێ بخەیت و باکت پێ نەبێت و لە ئاستی خۆی گەورەتر نەکرێت، ئەوا زیانت پێ ناگات، لێ هەمان کاتدا دەتوانی لەنێو تەنیای خۆتدا بەدوای ماناکانی بون بگەڕێیت. بیرمەندەکانی پێشوو لە تەنیایدا زۆر شتیان ئەفراندووە، بەدوای ماناکانی شتە وردەکان گەڕاون و زۆریان بۆ لێکداوینەتەوە، زۆر جاریش ببیرمەندەکان دەرەقەتی تەنیایی نەهاتوون و خۆیان کوشتووە. بۆیە دەکرێ لەهەرکوێ بێت خەمان فریو نەدەین و لەکوێدا پێویستی کرد لە تەنیایدا بوەستین و لە کوێیشدا هەستمان کرد ئیدی نابێت تەنیا بین، ئەوا دەبێت تەنیا نەبین، بە جۆرێکیتریش: زۆر جار هەوێی تەنیا بوونمان داوە و تەنیا نەبووین، زۆرجاریش بە پێچەوانەوە. ئەمە لەبەردەم کارەکتەرێکداین تێگەێ بە تەنیایی بووە و تا ئادەیەکیش تەنیایە و لە یادی دڵدارەکەیدایێ، لە تەنیاییدا ئارەزووە سێکسییەکانی کپ دەکاتەوە. نووسەر لە نووسینەوەی ئەم چەند دێڕەدا، کە بە دوایدا چەند دێڕێکی تر دێن، ئازادانە باسی

ئەندامی نۆرینە دەکات، هەنگبەت دەربرینی وەها وشەیەك ئاسان بێت، بەڵام ئاسانیش نییە نیشاندانی وێنەیەکی ئیرۆتیکی لە دەربرینی ئەم وشەیەدا. ئەوەی هەیە هەر ئیرۆتیکە نەك زیاتر لە ئیرۆتیك بێت. لە دوا دەهەکانمدا لە بارەی چیرۆکەکەوە، گەرچی داشتنۆکی تا ئادەیەك فرە دەنگە و بەر دەنگی جودا دەکەوین. ئەوەیش باش هووڵنە، کە نووسەر چەندە شارەزایی لە دروستکردنی کارەکتەر هەبووە، شارەزاییەك بەو ئادەیەی کارەکتەرەکە لەم چیرۆکەدا چۆن جووڵێنراوە، "گەران سەمەد" وەها جووڵاندوویەتی و بارتەقای ناسینی کارەکتەر، لەگەڵ کارەکتەردا ژیاوە و کۆتایی چیرۆکەکەیشی بە کراوەیی جێهێشتووە. گەر بە چەند دەستکیش بێ، باسی چیرۆکی "باڵکۆنێکی شین" دەکەم: ئەم چیرۆکە بە زمانی کەسی دووەم دەگێڕدرێتەوە، کە تێیدا گرنگی بە باسکردنی کولتووری خەرهەلات دراوە، ئەمە لەم چیرۆکەدا بەر شوێنێکی جیاوازتر دەکەوین، وەك لە چیرۆکەکنی تر، ئەویش بالکۆنێکی شینە، ناونیشانی چیرۆکەکەیش هەر بەو ناوەوەیە. چیرۆکی دایکەکمان بێ دەگێڕیتەوە، کە خاوەنی منداڵێکی کوڕە، کە منداڵەکەی لە تەمەنێکدایە هەست بە زەر شتی دەوروبەر دەکات، تێدەگات دایکی لەبەر عیشقی پیاوێکی تر خۆی دەدوێنێت، گەرانی دەڵێت و سەما بێ ژیان دەکات، ئەستەمە تێگەیشتن لەو دۆخە، کە دایکی شوو بە پیاوێکی تر دەکات و پێوەندی لەگەڵ باوە پیارەیدا چۆن بووە. دیاریش نییە ئەو پیاوە دەبێتە باوکی ئاستەقینەی، یان نا، بوون بە باوك بەو مانایەی، کە جێگەی باوکی ئاستەقینەت بێ بگرێتەوە، بە ئاستی ئەو دۆخە بێ کوڕێکی لەو تەمەنە سەختێ. هەر لەو ڕێگەیەوەیش نووسەر بەم ڕێگەیە چووەتە ناخی کارەکتەرەوە، لە هەمووی جێ بایەختر ئاوێڵە، ئاوێدانەوە لە چیرۆکی هووسی و لایەنی سایکۆلۆژیش پشتگوێ نەخراوە. گەر بە چەند دێڕك باسی کۆتا چیرۆکەکانی (نادیار و مۆسیقار) بکەم: دەشێ بڵێم: هەردووکیان کورتیلە چیرۆکن، بە شێوازێکی جودا لەوانی تر داڕژراون و سرووشتی هەنگاو دەنێن: نووسەر هەوڵیداوە بە کەمترین وشە زەرترین پەیام بگەیەنێت.

لە چیرۆکی "نادیار"دا جگە لە ئاچاوکردنی دەستگرتن بێ وشەوێ، ئەمە دەکەوینە بەر دۆخێکی تەواو جیاوازەوە، گەر دوای چەند جارێك خوێنەری بن، دۆخەکانیش زیاتر دەردەکەون. من وەك خوێنەرێك دەرکم بە هونەری تێکەڵکردنی ئاوازی وشەکان بەو کوردییە پوختەیەوە، کرد. کۆتا چیرۆك، کە چیرۆکی "مۆسیقار"ە، بێ هیچ وشەیەکی زیادە ئامانجی دەربڕینی هووداوەکانی پێکاوە، هوونتر بڵێم: بە کەمترین وشە، یان وشەی بێ ئەرك زەرترین پەیامی تێدایە. من لێرەدا بێ هەردووك چیرۆکەکێ بە پێویستی نازانم، بچمە وردەکارییەوە و باسی تەواوی

ووداوەکانی بکەم، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە بیڵێم، تڕاژیدیامانی دیمەنێکە، لە ڕۆژی ئەم دیمەنەوە، جەخت لەسەر ئەم کارە وردە و گرنگەی نووسەر دەکەم، کە چەند بە باوەڕ بەخۆ بوونەوە لە بارەی ئازادی و ڕۆچە شکاندنەوە وێنەی دوو عاشقی بۆ کێشاوین، کە لەبەرچاوی خەڵکییەوە یەکدی لە باوەش دەگرن و ڕاموسین دەکەن. نیشاندانی ئەم وێنەیەی سەرەوەم بە نموونە هێناوەتەوە، گەر خوێنەر زیاتر لە جارێك نوقمی دڵەکانی ئەم کورتە چیرۆکانە نەبێت، لە ئەو وایە، نووسەر هیچی وای نەگوتووە و وێنەکانیش پارچە پارچەن و نەشگەیشتوون، بەڵام لام وایە گەر زیاتر لە جارێك سەرنجی وێنەکان بدەین و وردبینەوە، ئەوان بە باشی دەبینرێن، زەینت بەجۆرێ ناهێڵن و لێ نین. بۆیە، لێ نەنووسین و ڕوون هوونەرە، وا لە خوێنەر دەکەن، کە لێی بڕوانە بن و تەنانەت ئەگەر نووسەریش دوای ماوەیەك بەر خوێندنەوەی هەمان بەرهەمی خۆی بکەوێت، هەم وێنەکانی دێنەوە بەرچاوی و هەمیش لەنێو وێنەکاندا دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: "لەنێو گێژاوی ژیان"دا، گۆران سەمەد، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢١

کتێبی (بیرەوەرییەکانی نادیە مورادی).. هیوا ناسیح

نادیە مورادی کچە ژگاربووی دەستی داعش و هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی

وابزانم کەس نییە ناوی نادیە مورادی نەبیستبێت، ئەو یەکێک بوو لەو کچە ئێزیدییانەی کە کەوتە دەست داعش و پاش سێ مانگ لە دەستیان ڕزگاری بوو. ئەو چیرۆکی کوشتوبڕی گوندەکەیان (کۆجۆ) و ڤاندنیان و بەکەنیزەککردن و دواتر هەڵاتی خۆی لە دووتوێی کتێبێکدا ساڵی ٢٠١٧ بە هاوکاریی جێنە کەرەجسکی (Jenna Krajeski) بە زمانی ئینگلیزی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، کە بە دەیەها میلیۆن کۆپی لە فرۆشراوە و دەنگێکی زۆری دایەوە، دواتر ئەم بیرەوەرییانە بۆ چەندان زمانی تر وەرگێڕاوە، بەڵام هێشتا نەکراوە بە کوردی.

هەمان ساڵ لە لایەن سێ نوسەرەوە کراوە بە ئەڵمانی، کە بریتین لە (Ulrike Becker, Jochen Schwarzer،Thomas Wollermann)، لە لایەن دەزگای وەشاندنی کنورەوە بڵاوکراوەتەوە، کتێبەکە لە ٣٣ بەش پێک دێت، بە قەبارەی ٣٦٣ لاپەڕەیە. گۆڵانەوەی ووداوەکانی ئابی ٢٠١٤ یە کاتێک داعش پێلاماری شارۆچکەی شەنگال و گوندەوارەکانی دەوروبەری دا و داگیریکرد، لەرۆژکدا نادیە دایکی و شەش برای دەکوژرێت، دواتر ڕفاندنی و بە کەنیزەککردنی و مانەوەی بە ماوەی سێ مانگ لە نێو داعش، ئینجا هەڵهاتنی و ڕزگاربوونی. زۆر کاریگەر، هەستهەژێن و تاسەنێر،. دەکرێت لەڕ ووداوەکانی نێو ئەم کتێبە چەندان بابەتی ڕۆمان و فیلمی بەگەنامەیی لە هەڵبەهەنجەنرێت. چونکە بەڕ هەموو پێودانگەکان تاوانێکی زۆر گەورەبوو، بۆیە لە زۆر وڵاتانی جیهان ئەو ووداوە بە ژینۆسایدناسێنراوە. پاش خوێندنەوەی کتێبەکە، حەزم کرد ئەم خوێندنەوەیەی لەسەر بنوسم.
ناوی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی (دوا کچ: چیرۆکی دیلیم و جەنگی من دژ بە داعش)ە، بەڵام لە وەرگێڕانە ئەڵمانییەکەدا ناوی کتێبەکە کراوە بە (من دەنگی ئێوەم)، پێشەکییەکەی لە لایەن (ئەمەل کلانی) کە پارێزەریشی بووە، نوسراوە، ناوبراو هاوسەری ئەکتەری ناوداری ئەمریکی جۆرج کلانییە. ئەو دەڵێت: نادیە تەنها بریگرتە (موکل)ی من نییە، بەکو هاوڕێشمە، لەو کاتەوەی دەیناسم تەنها دەنگی خۆی نییە، بەکو دەنگی سەرجەم ئێزیدییەکانە، بەهۆی ئەم کتێبەوە سەرجەم جیهان چیرۆکی کوشتوبڕیانی بیست. ئەم یەکێک بوو لەو کچ و ژنانەی کە لەلایەن داعشەوە ڕفێنران و لە بازاڕ و تەنانەت ئینتەرنێت و فەیسبوکیشدا بۆ بەڕپارەیەک، هەندێک جار کەمتر بوو لە بیست دۆلار دەفرۆشران!).

نادیە موراد کێیە؟

نادیە موراد باسی تەها ساڵی ١٩٩٣ لە شارەدێی کۆچۆ لە دایکبووە، کە سەر بە قەزای شەنگالە و کەوتۆتە باشوری ڕۆژئاوای ئەو شارەکەوە و نزیکەی ٢٠ کم دوورە لێوەی. ئەم لە خێزانێکی گەورەڕ و هەژارەوە هاتوە و خاوەنی هەشت برا بووە. دانیشتوانی کۆجێ نزیکەی ١٧٠٠ کەسێک دەبوون و بەڕ کشتوکاڵ و مەڕوماڵات بەخێوکردن پژێوی ژیانیان دابین دەکرد. سەرجەم گوندەکە لەسەر ئایینی ئێزدین. سێ لای گوندەکە بە دۆهاتی عەرەبی سوننە دەورە دراوە. نزیکی شارەدێی حاتەمییە بوو کە ئەوان ئێزدی بوون و نزیکەی دوو هەزار دانیشتوانی هەبوو. ساڵی ٢٠١٤ کاتێک داعش هێرشی هێناو ناوچەی بەرفراوانی لە سوریا و عێراق داگیرکرد، گوند و ناوچەکەی ئەمانیش کەوتە بەر ئەو شاڵاوە و بە هەزاران کەسیان لێ کەمەکوژی کردن، وەک دەگوترێت نزیکەی ٦ تا ٧

هەزار کەسیشیان لە کچان، ژنان، مێردمناڵانیان و منانیان ڕفاندن. کچەکانیان لێ کردنە کەنیزەک و مێردمناڵەکانیان دەبرد بۆ سەربازگەی تایبەت تا مێشکیان بشۆنەوە و دواتر وەک خۆکوژ بەکاریان دەهێنان. هەرچەندە وا بۆ نزیکەی دەساڵ دەچێت ئەو کارەسات و گەورە تاوانە ڕوویداوە، بەسەدان لە کچانیشیان هەڵاتون یان ڕزگارکراون، بەڵام هێشتا بریندارکانیان سارێژ نەبووە و بە سەدان کەسیان بەسەروشوێنن، ناوچەکەشیان لە نێو ململانێی سیاسی و هێرشی جارناجاری درێنی تورکیدایە.
لە ساڵی ٢٠١٥ نادیە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەتی وتاریدا و قسەی لەسەر پرسی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە ململانێکان و شەڕکاندا کرد. لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٦ نەتەوە یەکگرتووەکان ناوبراوی بە فەرمی وەک باشیزی نیازپاکی بۆ کۆمەتی ڕزگاربووانی بازرگانیکردن بۆ مرۆڤ دەستنیشان کرد. لە ٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨ بۆ هاوبەشی لەگەڵ دێنیس موکوێگی پزیشکی کۆنگۆیی خەاتی نۆبڵی ئاشتی بەدەستهێناوە. جێگەی ئاماژەیە ئەو یەکەم کوردە کە خەاتی نۆبڵی پێ درابێت! ئێستا ئەم خاوەنی خەاتی نۆبڵی ئاشتییە و لە جیهاندا ناسراوە، سەرۆک و پاشاکانی جیهان پشوازی لێ دەکەن، چیرۆکەکەشی بە چەندان زمانی جیهانی وەرگێراوە، ناسراوترین کەسایەتی ئێزدییشە لە ئاستی جیهاندا.

ڕۆژی حەشر!
نادیە دەڵێت: مێژووی ئەمەی ئێزدی مێژووی ئازار و چەوساندنەوە و هەشکۆژیە بەسەرماندا، هەموو سەرکوتیان کردوین، کوردە مسوڵمانەکان، شاکانی ئێران و سوڵتانەکانی عوسمانیش، بۆ جارێك تا ئێستا ٧٢ جار کەمەکۆژ کراوین، جارەهای لێژمارێ نەهاتوو کچ و ژنەکانیان ڕفاندوین و بۆ کەنیزەك کراون، لەسەر ماڵوحاڵی خەمان دەریانکردوین و تاڵان کراوین، یان بۆ هێز ناچارکراوین، ئاینی خەمان بگۆڕین.عەرەبە سوننەکان لەلایەک و کوردەکان لەلایەکی هەریەک بۆ لای خۆیان ڕایان دەکێشاین، دەیانویست واز لە کەلتور و نەریتی خەمان بهێنین و ببین بەوان، ئێمە بە کوردی دەدوێین و لە کوردەکانەوە نزیکترین، کەچی ئەوانیش وەک عەرەبەکان ئێمەیان پێ بڵباوەڕ بوو وە هەندێک جار بڕیان لەمان دەبووەوە و بە (شەیتانپەرست) ناوزەدیان دەکردین!
ئەو دێتە سەر سەرەتای مانگی هەشتی ساڵی ١٠١٤ و نزیکبوونەوەی هێرشی داعش، کە ئەوکات خوێندکاری ئامادەیی و تەمەنی ٢١ ساڵ بووە، باس لەوە دەکات کە بە هەزاران پشمەرگە بە بەرگی سەربازییەوە لە ناوچەکەیان بووە و هەمیشە بەڕێنیان دووبارەکردۆتەوە کە هیچ ترس

و خەمیان نەبێت و دەیانپارێزن لە هێرشی داعش. بەڵام بەڕێنەکانیان درێ دەرچوو، چونکە پێش ئەوەی هێزی هەشی داعش بگاتە ناوچەکەیان پێشمەرگە لە پێکدا و بێ ئەوەی هەواڵیان بدەنێ، دەکشێنەوە! ئەمە بڕینێکی قوڵ دەکاتە هەست و نەستی ئێزدییەکان. ئەم پێی وایە، گەر هێزی پ.م بەرگرییان بکردایە، یان لای کەمی ئەمانیان پێش پاشەکشەکەیان ئاگادار بکردایەتەوە، ئەیانتوانی خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن، یان لای کەمی زوو هەبێن و خۆیان قوتار بکەن و کەمەکوژ نەکرێن، کەچی لە پێکدا بێ بەردەم دڕندەکانی داعشیان جێهێشتن! بۆیە بە وشە دەڵێت (ناپاکی) بوو لێیان کرا!
دەیان هەزارکەس بەرەو شاخی شەنگال هەڵاتبوون و لەوێ گیریان خواردبوو، سەرگەردان و لامسەلایی ملدێنێن، زۆربەش بێیار دادێن بەننەوێ، یان ڕاستر بڵێین، هیچ چارەیەکی باشتر شك نابێن، چونکە شاخی شەنگال بۆو چلەی هاوینێ کە زۆر بێ پەنا و بێ درەخت و گەرم و ووتەنێ، ژمارەیەکی زۆریان لێ برستێتی و تێنوێتیدا گیان لەدەست دەدەن. داعشیش پەلاماری دەدان، دەخێکی وەك ئێنفالکان دەتە ئاراوێ. پاشان دەڵێت: هێزەکانی یەپەگە و پارتی کرێکاران بە یارمەتی هێزی ئاسمانی ئەمریکی ڕاهوێکیان بەرەو دیوی سوریا کردەوە، چونکە نزیکی سنورە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە گیانی دەیان هەزار کەسمان ڕزگاری بێت.
دوای گەمارۆدانی گوندەکەیان و پاشان کۆکردنەوەی چەکەکان لێیان بە فێڵ، گوایا ئاوا وازیان لێ دێنن، دێن سەرجەم خەڵکی گوندەکە لە باڵەخانەی خوێندنگەی گوندەکەدا کۆدەکەنەوە، پیاوان لە خوارەوە و ژنان و منااڵن لە قاتی سەرەوە لە وێش وەك پێشتر پێیان گوترابوو، هەموو زێ و سامان و پارەکانیان لێ کۆدەکەنەوە و بە تاڵان دەیبەن، ئینجا ئۆوندێ پێ ناچێت چێند لێرییەکی زلیان بێ دێنن، پێیان دەکەن لە پیاو و گێنجەکان و دەیانبەن، بێ دووری کیلۆمەترك، ئەمان گوێیان لێ دەنگی تەق و دەستێژ دەبێت، هەست دەکەن کەسوکاریان کوشتن، بەڵام ئەوان گوایا بە لێری دەیانبەن بەرەو شەنگال و لەوێ ئازادیان دەکەن! بە گوێرەی سەرژمێرییەك لە ماوەی سەعاتێکدا لەو ڕۆژەدا نزیکەی ٧٠٠ پیاویان لێ گولەباران کردون!

کەنیزە یان کۆیلەی سێکس

پاشان ژنان و کچانی گەنج کۆدەکەنەوە و سواری پاسیان دەکەن و دەیانبەن بەرەو لای موسڵ، لەوێ لە باڵەخانەیەکی گەورەدا کۆیان دەکەنەوە، دەڵێت: کچانی دە دوانزە ساڵانیشمان تێدا بوو، لەوێ لە دایکیان و ژنە بەتەمەنەکان جیایان دەکەنەوە و ئەمان دەبەن بەرەو

شاری موسڵ و بارەگایەکی گەورەی داعش. لەوێ ژنێک دەبینێت لێی دەپرسێت، لێرە چی دەگوزەرێت، دەڵێت: پێشتر ٤٠٠ ژن و منداڵیان هێنا و لێرە فرۆشتیانن، هەندێک لە کچەکان خۆکوژیان دەکرد، بۆ فرۆشتن و کڕین، کچیان بردبێتە لای پزیشک بزانن پەردەی کچێنی ماوە یان نا، دایکێکی گەنج منداڵکی ساوای ١٦ ڕۆژەیان لێ سەندا!
لەوێ ئەم لە لایەن ئەمیرێکی داعشەوە کە دادەوریان بووە بە ناوی حاجی سەلمان دەکەدرێت، لە خانوێەکی گەورەدا، کە پێشتر هی دادوەرێکی شیعە بووە و هەڵاتوە، لەگەڵ پاسەوانەکانیدا دەژی. مامەڵەیەکی زۆر خراپی لەگەڵدا دەکات، دەستدرێژی سێکسیی ڕۆژانە، سوکایەتی و لێدان و …هتد. ئینجا دەیباتە دادگای گشتی موسڵ و وێنەی دەگرن وەک کەنیزەک لەوێ تەماری دەکەن، تا گەر هەڵات بیدۆزنەوە.
ڕۆژکیان پێی دەڵێت: ئێوە بڕباوەڕ و پیسن، کافرن، ویستی خوایە کە بکەونە دەستمان، ئێمە هاتین پیاوەکانتان بکوژین و ژنەکانتان بۆ خۆمان ببەین، ئەمەش فەرمانی خوایە و جێبەجێمان کردوە! بە کورتی ناچاری دەکات، واز لە ئایینی خۆی بهێنێت، ئەم دەڵێت بە ناچاری و زۆر گوایا بوومەتە موسوڵمان. جار هەبوو خۆزگەم بە مردن دەخواست، بەڵام هیوای دەربازبوون و هەڵاتن لێ ناگەڵا خەم بکوژم. دەڵێت هەوشی کچە ئێزدییەکانی تریش وەک من بوو، بەزۆر سێکسیان لەگەڵ دەکردین، بێ هیچ ماڕەیی و نیکاحێک، دەیانفرۆشتین و دەیانکڕیتین و دەیانبەخشین وەک دیاری بە یەکتری.
حاجی سەلمان هەموو ڕۆژێک لەگەڵم جوت دەبوو، گوێی نەدەدا بە نەخۆشی و ئازارم، ناچاری دەکردم بەرگی وروژێنەر لەبەر بکەم، مکیاژ بکەم، دەیگوت: تازە تۆ بوویتە بە ژن، گەر بچیتەوە لای کەسوکاری خۆشت دەتکوژن، بۆیە هەوڵی هەڵاتن مەدە، جاری وابوو بیانوی پێ دەگرتم، ڕووتی دەکردمەوە و بە قامچی دەکەوتە گیانم، وەک ئاژەڵ لێی دەدام.
شەوێک نادیە هەوڵی هەڵاتن دەدات، لە حەوشەکەدا پاسەوانەکان دەیگرن، حاجی سەلمان وەک سزا بەووتی دەیکاتە ژوورێکەوە، هەر شەش پاسەوانەکەی بانگ دەکات، یەک بەدوای یەکدا تا بەیانی لەگەڵی جووت دەبن، تا بێهۆش دەبێت! مان لە خواردن و خواردنەوە دەگرێت ،سودی نابێت، دەڵێت: بۆیەکەم جار هەستم کرد، ئەوانەی کەمەکوژ کران لە من بەختەوەرتر بوون!
سەلمان دەیدات یان دەیفرۆشێت بە کەسێکی تر. دەڵێت هەمیشە دەپاڵامەوە، نزام دەکرد و دەگریام، کەس بە فریادم نەدەهات! جارێکی تر سزای دەدەن و دەیبەن بۆ خاڵێکی پشکنینی نزیکی موسڵ، لەوێ تا بەیانی بە نزە موجاهیدەکان سێکسی لەگەڵ دەکەن، تا لە

پەلوپۆی دەخەن! دەڵێت: کاتێک دەمگوت ئەی هاوار نەخۆشم، ئازارم هەیە، خراپتریان دەکرد. دەڵێت لەوێ تێگەیشتم: گەورەترین مەتیف بۆ جیهاد لای ئەوان سێکس بووە.

هەڵاتن لە دۆزەخ

پاشتر لە ماڵێکدا دەبێت و دەیانەوێت بینێرن بۆ سوریا بۆ ئەو شارانەی ژێر قەڵەمڕەوی داعش، ئەمیش پلان دادەنێت ڕابکات، شەوێکیان لە موسڵ بەڵێکەوت پیاوەکەی خاوەنی بیریدەچێت، کە دەرگاکەی ناوەوە کلیل بدات، ئەمیش وەک ژنانی داعش عەبا بەخۆیدا دەدات و پەچە دەکات، دەچێتە حەوشەکە و لەوێوە بەسەر دیوارە بلۆکەکەدا باز دەدات، تا هێزی تێدایە دەڕوات، کێشان بە کێشان، تا دوور دەکەوێتەوە، ئیتر تەواو ماندو دەبێت، ژێر دووڕێ دەبێت، ئایا لە دەرگای ماڵێک بدات یان نا، وە گەر ئەمجار تەسلیمی بکەنەوە، چی بەسەر دەهێنن؟ بە هەر حاڵ لە دەرگای ماڵێک دەدات، کە ماڵێکی عەرەبی سوننە مەزهەبن، خێزانێکی گەورەن و سەرەڕای پەیوەستییان بە ئاینەوە، بەڕام داعشی نین و خۆشیان پێیان نایەت. دەرگای لێ دەکەنەوە و ئەمیش باسی چیرۆکی خۆیان بۆ دەکات، پێی کاریگەر دەبن و ئارامی دەکەنەوە، کە نەترسێت و سەرەڕای مەترسییەکان دەیشارنەوە. دەستەڵاتی حکومەتی داعش بۆی ٥ هەزار دۆلار خەڵاتی داناوە بۆ هەر کەسێک، کە کەسێکی دیلی دەستی داعش بگرێتەوە و ڕادەستیان بکاتەوە، بۆیە نادییە ترسی زۆری دەبێت.

پاش ئەوەی ماوەیەک لە ماڵەکە دەمێنێتەوە دڵنەوایی دەکەن، بەڵام بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت دەیگوێزنەوە بۆ ماڵی کوێکی تریان لە شارۆچکەیەکی دەرەوەی موسڵ، پەیوەندی بە یەک لە براکانی نادییەوە دەکەن، کە لە هەولێر کار دەکات و دەژی. کۆی خاوەن ماڵ کە ناوی ناسر دەبێت، بۆیار دەدات هاوکاری تەواوی بکات و ڕزگاری بکات بەرەو هەولێر، پێناسی بۆ دروست دەکات، کە نادیە هاوسەرییەتی، ئیتر لە کەشکی پێ لەڕ ترس و دڵەڕاوکەدا پلان دادەنێن، تەکسی دەگرن بەرەو کەرکوک، لە یەکەم خاڵی پشکنینی دەرچوون لە موسڵەوە پاسەوانەکە دایان دەبەزێنن و پرسیاری زۆریان لێ دەکەن، لەپێ ئەم لەژێر پەچەکەیەوە سەرنج دەدات، لە خانۆچکەی پاسەوانی خاڵەکە، سێ وێنە هەڵواسراوە بە قەد دیوارەکەوە، کە هەڵاتون و بۆیان دەگەڕێن، کە یەکێکیان وێنەی ئەمە. ئیترئەوەندەی تر ترس دایدەگرێت، بەڵام خۆشبەختانە چونکە ڕووی بە ڕووپۆش داپۆشراوە ناینناسنەوە.

ئیتر هەڵنگاو بە هەنگاو دێن تا دەگەنە کەرکوک، کە ئەوکات لە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگەدا بوو. لەیەکەم خاڵی پشکنین نادیە ڕووبەندەکەی لادەدات، دەڵێت: هەستم بە ئاسودەییەکی زۆر کرد،

هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا، شنەبایەکی ئێوارە دای لەووم، زەردەخەنەیەکم کرد. پێشمەرگەکان پرسیاریان لێ دەکەن، ناسر دەڵێن سەردانی ماڵی باوکی ژنەکەم، واتە نادیە، دەکەن لە کەرکوک، نادیە کە زۆر پەست و تووەیە لە پێشمەرگە، خێشیانی ناوێت و بەکوردیش قسەیان لەگەڵدا ناکات. لەوێوە دەچن بەرەو سلێمانی، ئینجا بەرەو هەولێر، خاڵی پشکنینی ئاسایشی سلێمانی بەرەو هەولێر، گومانیان لێ دەکەن، کە دوو کەس لە موسڵەوە هاتون، بۆیە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەن، ناچار ئەمان چیرۆکەکە دەگێڕنەوە و دڵنیایەکە دەدرکێنن. ئەوان زۆر ڕێزیان دەگرن، بەتایبەت لە کوڕە گەنجە عەرەبەکە، کە هاوکاری نادیەی کردوە، مامۆستایان بۆ دەکەن کە بۆ کێشە هاتوچۆ بکەن، وێنەی قیدیۆیان دەگرن، ئەمان زۆردەترسن، بەڵام دەڵێن بۆ بڵاوکردنەوە نییە و تەنها بۆ بەڵگە و ناوخۆی خۆمانە، دەڵێت: پێشمەرگەکانی یەکێتی زۆر خۆشحاڵ بوون، کاتێک باسم کرد، کە بە هەزاران لە هێزی پارتی ئێمەیان بە گورگان خواردوو دا و جێیان هێشتوین. ئەوان گوتیان: ئەوە پاتی بوون، ئێمە بۆ تاوانین. دواتر دەگەنە هەولێر و ئەو ئوتێلەی حوسنی برای نادیە لێی کار دەکات، لەوێ چەند ڕۆژێک دەمێننەوە و دەحەسێنەوە.
لەوێ نادیە لە ژوورێکدا لەگەڵ ژنێکی تری ئێزدی دەبێت لە تەمەنی دایکیدا، بۆی دەیگێڕێتەوە کە ساڵی ٢٠٠٧ لە تەقینەوە گەورەکەی تەلزەعتەردا سێ کوڕی بەجارێک بوونەتە قوربانی و تا ئێستاش گۆڕیان نییە، چونکە لاشەکانیان پارچە پارچە بووە، ئەویش بۆیاری داوە، تا لە ژیاندایە خۆی نەشوات، دەڵێت: چونکە گۆڕیان نییە هەر وا دەزانم زیندون و ڕۆژێک دێت دەگەڕێنەوە و دەڵێم ئەوکات خۆم دەشۆم، بەڵام ئێستا دەڵێم: باشتر نەمان و ئەم ڕۆژەیان نەبینی، کە چیمان بەسەردا هاتوە! هەردووکیان هاوەڕد و خەمزەدە بۆ حاڵی یەکتر دەگرن.
پاشتر حوسنی بۆیار دەدات لەگەڵ نادیە بچن بەرەو ئێردوگای ئێزدییەکان نزیکی دهۆک، کە هەندێک لە کەسوکاریانی لێیە. کوڕە عەرەبەکە (ناسر) دێت و خواحافیزی لە نادیە دەکات، نادیە زۆر زۆر سوپاسی دەکات، بەڵام ئەو لە لوتکەی هەستی مرۆڤایەتی خۆیدا، دەڵێت: من هیچم نەکردوە، تەنها ئەرکی خۆم بە جێ هێناوە! بە هەق مرۆڤ کاتێک هەڵوێست و کرداری ناسر و باوکی و خێزانەکەیان دەبینێت، هەست دەکات، ئەوان چەند مرۆڤدۆست و خاوەن هەڵوێست و بوێر بوونە. ئاخر کچێکی نامۆ و هەڕاتوی دەستی دێندەکانی داعش، لە ژێر دەستەلاتی داعشدا داڕدە بدەیت، کە نە ئاینەکەی، نە نەتەوەکەی خاڵی هاوبەشتان بێت. دواتریش بەوپەڕی ئازایی و دڵسۆزییەوە هاوکاری بکەیت بۆ دەرچوون و گەیاندنی بە براکەی.

دەبێت چ مرۆڤێکی جوان و بەهۆشت و خانەدان بێت. لە هەمووی سەیرتر، پێی دەڵێت: نادیە تکایە گەر دەزانی لەسەر ئەو دەستدرێژییانەی کراوەتە سەرت، براکەت یان کەسوکارت شتێکت بەسەر دێنن، ئەوا لێرە دەمێنمەوە و جێت ناهێڵم! هەردوکیان دەگریەن، نادیە دەڵێت، نا خەمت نەبێت. دوای خواحافیزی ناسر دەڵێت: دەگەڵمەوە بۆ لای خۆزانەکەم، گەر کچانی تر بوون وەک تۆ هاوکارییان دەکەم ڕزگاریان بێت و دەیانهێمەوە! کۆ دەڵێت، لەوانەیە ئەمە ڕۆژێک یەکتر ببینینەوە! نادیە دەڵێت، دواتر بیستمان داعش بە کارەکەیان زانیوە و دووبرای ناسریان گرتوە، بەڵام ئەوان حاشایان کردوە کە ئاگایان لەو کارە بێت.

ئێردوگا یان زیندانێکی تر!

دەگەنە دهۆک پەنابەرانی ئێزدی لە چەند ئێردوگایەکدا لە هەوشێکی زۆر خەمگینانە و ناخۆش و ناچاریدا لە کۆنتێنەردا دەژین. کەسوکار کوژراو و بەسەروشوێنکراو، بۆ پارە و کار، بۆ خانو ماڵ، کولەمەرگی دەگوزەرێنن. لەوێ براکەی تری نادیە (سەعید) دەبینێنەوە، کە لە کاتی کۆمەکوژییەکە بە ئاستەم و پەرجو ڕزگاری بووە و هەشتا لە نەخۆشخانەیە، چونکە چەند گولەی پێوەیە. ئەو لە نێو تەرمەکان و دەستێژی گولە و نێو چاڵی مەرگەکەدا پاش ئەوەی وا دەزانن مردوە، بە بریندی سێ گولەوە هەڵدێت و خۆی دەگەیەنێتە گوندێکی نزیک، دواتر ڕزگاری دەبێت. دەڵێت: سەعید هەشتا ئازاری زۆر بوو، بەڵام دەیگوت، ئازاری لەشم ناگاتە ئەو ئازارەی ویژدانم، کە ئەوان هەموو کوژران و من ماومەتەوە!

نادیە دەڵێت لە ئێردوگا هیچمان نەبوو بیخۆین، بەرگمان نەبوو، لە هەوشێک زۆر خراپدا بووین، تەنانەت بەرگی ژنەوەشم نەبوو. لە هەمووی ناخۆشتر ئەو بەسەرهاتە ناخۆشانە و بەتایبەت دەسدرێژیکردنەکانم باس ناکرد، دڵم پێ بوو، لە کاردانەوە دەترسام. بۆ یەکەمجار کە سەرجەم چیرۆک و ووداوە دڵتەزێنەکانم بۆ پورم گێڕایەوە، بەمە دڵم زۆر ئاسودە بوو، وەک ئەوەی بارێکی گران لەسەر دڵم لاچوو بێت. پیاوێکی دهۆکی ئەم و چەندان کچ و ژنی تری ئێردوگاکە دەبات و بە نانەسکی، ڕۆژی ژەمێک خواردنی گەرم، تا ئێوارە لە نێو مەزرادا کاریان پێ دەکات، لە هەمووی سەیرتر منەتێکی زۆریان بەسەردا دەکات، کە هەزی پێشمەرگەی ئەوان ڕۆژانە دژی داعش دەجەنگن و شەهید دەبن، ناوچەکانی ئەوانیش ڕزگار دەکەن و …هتد. ئەمیش لەوە زیاتر خۆی بۆ ناگیرێت ڕۆژکیان ئەم دێتە وەڵام و دەڵێت: ئاخر هەزاران پێشمەرگەی ئێوە، ئێمەیان دەستەڵ کرد، جێیان هێشتین، نە بەرگریان لێکردین، نە هاوکاریشیان کردین خۆمان

بەرگری بکەین. بۆیە بۆدەنگ بی باشترە. ئیتر (کار!)ەکەی لەدەست دەدات.
ئەوەی زۆر ئازاری نادیە دەدات سەرەڕای شەش براکەی، لەوێ دەزانێت کە دایکیشی کوژراوە، کە ئەم زۆر خۆشی ویستوە و هۆگری بووە. دوای چەند مانگێك و لە مانگی دووی ٢٠١٥ ڕێکخراوێکی خێرخوازیی ئێمانی، کە پرۆژەیەکیان هەیە بۆ هاوکاری ژنانی هەڵاتووی دەست داعش، دێن و ناونوسی دەکەن بۆ وەرگرتنیان وەك پەنابەر لەو وڵاتە و ناردنیان بۆ ئەوێ. ئیتر قبوڵ دەکرێن و دەگوازرێنەوە بۆ ئەوێ.

هەڵسەنگاندن
ماوەتەوە بڵێین، کاتێك ئەم کتێبە دەخوێنینەوە، نادیە وەك کەسایەتییەکی بەهێز، بوێر بە بۆوا بەخۆبوونێکی زۆرەوە، لە شکست نەهاتوو دەناسین. بەتایبەت لە گۆڕانەوەی بابەت و ووداوە کاریگەر و هەستیارەکان، کە بۆ کچێکی ڕۆژهەڵاتی ناوازەیە، ئینجا هەستانەوە پاش ئەو مەرگەسات و تیاچوونی زۆربەی خێزانەکەیان بە دایکیشییەوە، دواتر چالاکی و کاری زۆری دیپلۆماسی بۆ ناساندنی کێمەلکوژکردنی ئێزیدییەکان و دۆنەدەیی داعش، چارەسەرکردن و هاوکاریکردنی کچان و ژنانی ڕزگاربووی دەستی داعش. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، دەکرێت هەندێک ڕەخنەشی لێ بگرین، بۆ نمونە، ڕاستە هەستو پەیوەستی ئاینی لە نێو کورددا وایکردوە، هەندێک جار بەشداری لە کێمەکوژی ئێزیدییەکاندا کردوە، بەڵام ئەمە زۆر کەمینەیە بوونە لە چاو گەلی کورد بە گشتی، کە هاوسۆزی ئەوان بوونە. بۆیە تەم و گومان خستنە سەر کوردبوونی ئێزیدییەکان کارێکی خراپە. جگە لە هەندێک هەڵەی تری مێژوویی و زانیاری، کە نەدەبوو بیکات، بۆ نمونە لە شوێنێکدا دەڵێت: ناوچەی دژە فڕین لە باکوری عێراق بە هۆی پرسەکانی ئەنفالەوە دانرا، لە کاتێکدا کێوەکە هۆکاری ئەوە بووە نەك ئەنفال.

تێبینی و سەرچاوە:
• نزیکەی مانگێکە دەستم کردوە بە وەرگێڕانی سەرجەم کتێبەکە بۆ زمانی کوردی. بەو هیوایەی تەواوی بکەم و لەمسااڵدا چاپ و باڵو بکرێتەوە.
• NADIA MURAD, Ich bin eure Stimme, Das Mädchen, das dem Islamischen Staat entkam und gegen Gewalt und Versklavung kämpft, ISBN 978-3-426-21249-9, KNAUR; 2017

تونـــدبونـەوەی ناکـۆکیـیـکـــانی ســـــــــــــرمایـەداری وئـەزمـە ئیکـۆلـۆژییـەکانی!.. جـەمال کـەشش

کـۆبـەندی ئابووری داڤـس

کـۆبـەنـدی داڤـس، ســروتـکی نـاوازەی هـەیـە، وەنـەیـەکـی چـەی خـوونـە دەزەخیـەکـــانی هـەرە دەوڵـەمـەنـــدەکان و دەســـڵاتدارە لـەکـــاڵی و نـوونـەتـاوەیـیـەکانی ئـەمـڕی جیهان بـە کـەکراوەیی لـەنـو سیرکوسـکی ئاهـەنگی شاهانـەدا دەبینی. ئـەمساڵ،٦٠ (سـەرۆک و سـەرکـۆزیران) ، ٢٠٠ وەزیـرەکان، لـە ١٠٠ دەوڵـەت و هـەشتایان بـە ڕاوێـژکارانی ئاسایشی نـەتـەوەیـــی، ٨٠٠ بـڕیـــوەبـەر لـە گـەورە کـەمپانیاکـــانی بـــواری تـەکنـەلـۆژیای زیـرەک و دجیتـاڵی، نـوونـدە گـەورەکانی سـەرمایـەی پولی نـەونـەتـەوەیی و بانکـەکـــان و بازرگـــانی و زانکـۆجیهانیـــیـەکان بـەشداربوون.

چارەسـەری ئاشتی بـە شـڕی خـوناویـەکان "ئـۆکرانیا و غـەزە"، بـەهیچ پـڕۆسـەیـەکی ڕاسپـاردراوی گشتی کـۆتیهات. فلافدمیر سیلنسکی، سـەرۆکی ئـۆکرانیا، مـەرجی کـۆتایهاتنی شـەڕکـەی بـە سـەرکـەوتن بـەسـەر فلادمیر پـوتیـن بـەسـتـەوە ، نـوونـەرایـەتی بـەرژوازی روسـیاش لـە بـەشـداری کـۆبـونـدەکـە بـەبـەشکرابـووون. "ئـەوان نـەک بـەیـەکـەوە، بـەڵکـە بـەدوای یـەکدا قسـەیان کرد، ئیسحاق هیرتسـۆگ، سـەرۆکی ئیسرائیل: ئیران ئـەبـەت لـە پشتیوانی تیـرۆریستان بـوسـتـنـرەت. وەزیری دەرەوەی ئـەران، حسین ئـەمیر: قـوارەی زایـنی پـەویستـە لـەسـەر تاوانکاریـیـەکانی لـەغـەزە، سـەرنگون بکرەت، زیاتر شانـەی خـنواندن بوو، لـە باخچـەی ئاژەڵان دەچوو". ١

مـەرجانـە سپـەلیج ئیگگـەر، خانمـە سـەرۆکی خاچی سوری نـەو دەوڵـەتی، لـەبـەرنـامـەیـەکی تـەلـەفزیـۆنیـدا " زیـاتر لـە ١٠٠ شـەڕی نـەوان هـەزە دوژمنـە دژ بـەیـەکـەکان لـەگـەشـە جیاوازەکانی جیهاندا بـەرپایـە"، بـەڵام خـاچی سـور ناچـارە سـەدا ٢٠ کارمـەنـدەکانیان بـەهـۆی بـەپـارەیـەوە لـەکارەکانیان دەربکـەن.٢

" لـە مـانگی ٤ی ٢٠٢٣ دا ناوەنـدی تـەوژینـەوەی ئـاشتی جیهـانی کـە بنکـەکـەی لـەستـۆکهـۆڵـم (سپیری) ڕاپـۆرتـکی بـڵاوکردەوە، بـەپـانتایی

جیهان کەرەستەسەربازییەکان بە ٨ مین جار لەسەر یەک بەرز بوونەوە، بەجۆرێک بەبەهایی٢،٠٦. بلێن ئیرە، تفاقی جەنگی کە دەکاتە ٢.٢ تەکەیی بەرهەمهێنانی کەمایەتی جیهانی کەدراوە. ژنەرال پەرشیل، سەرۆک ئەرکانی هێزی چەکداری فەرەنسا هۆشداری دەدا لە (گۆڤانووی دراماتیکی شۆڕشگێڕەکان کە بەتە ئامرازی یەکلاکەرەوەی لایەنە ناکۆکەکان، لەم شانەدا بەجۆرێک تووندوتیژی بەکاردەهێنرێت کە سنوری هەموو مامەڵەک و یاسایەکیان شکاندووە، لەکاتێکدا ئینسان بەڕاستی وا هەستی دەکرد کە تەنها لە کتێبە مێژووییەکاندا تەماركرابن).٣
جیهان لە کێبەرکێی خۆ پێ چەککردندایە، وەزیری مالی ڕوسیا، ئەنتۆنی سلیناوف (هەموو لە پێناو بەرەکانی جەنگ، هەموو لە پێناو سەرکەوتن)، ١٠٩ ملیارد ئیرە کەدەکاتە سەدا ٦ ی تێکرایی بەرهەمهێنانی نشتمانی ڕوسیا بودجەی پەسەند کرد. ئەڵمانیا لە ساڵی ٢٠٢٢ بە مەدەرنیزەکردنی دامەزراوەی بەرگری ١٠٠ ملیارد ئیرەی وەک دابینکردنی بڕە پارەیەکی تایبەت تەرخانکرد. ئەمەریکا بەتەنها سەدا ٤٠ ی چەکی جیهان دابینەکات، سعودیە و قەتەر و میسر سێ دەوڵەتە یەکەمەکانی کڕەستە سەربازییەکانن. ٤
بە تێگەیشتن لە دیمەگرافی جۆپۆلەتیکی گۆبەاڵی ئەمساڵ، وردبوونەوە لە پێکهاتەی کۆبەندی داڤس، نەخشەیەکی بەسودە. بەشداربوانی کۆبەندەکە، لەبارەی ئەم خاڵە چەککردنە جیهانییەوە، بەدەنگەیان هەبەزارد، وەک ئاوەی بەرهەمهێنانی زەرترین چەک، ئارامی بە مرۆڤایەتی بێت.
مانفێستی کەپیتاڵ
ساڵی ٢٠٠١ کتێبی مانفێستی کاپیتاڵ لە نوسینی "جوهان نوربیرگ" باوکرایەوە، لەو کتێبەدا بازاڕی ئازاد وئازادی بازرگانی وکەمکردنەوەی گومرگ ، وەک زامنی گەشەی مرۆڤایەتی و دابینکردنی هەڵی کار و کەتایهێنان بەهەژاری ناسێنراوە. لە کۆبەندی ئابووری داڤسیشدا، پلانی ئابووری بە جموجۆڵی سەرمایەی جیهانی و مۆنۆپۆڵی بوارکانی بەرهەمهێنان و بازاڕی ئازاد و لێهاتوویی کێبەکێی کەمپانیاکان دادەژن، ئەم هەبازو شیوازە سەرمایەداری بەرەو هەگایەکی داخراو و پە مەترسی گەیاندووە. جیهانی ئەمڕۆ بەرهەمی ئەو پرسیارە و شڕ و برسێتی و دواکەوتیی کلتوریەکان و نەخشیکان وچەوسانەوە وئەزمە ئیکۆلۆژییەکان وکارەساتە ژینگەییەکان لەوەو سەرچاوە دەگرن.
بەپێی ڕاپرتی ئەکسفام ، کە زیرەکانە تەوقیتکەیان هەبژارد،هاوەڕمی کۆبەندەکەدا بەاوییان کردەوە، ٥ کەس لەدەوەڵەمەندەکانی جیهان سەرمایەکیان لەماوەی کەمتر لەدەیەیەک

دوو ئەوەندە بووە، لە ٤٢٠ ملیارد دۆلارەوە بوو بە ٨٦٥ ملیارد، لەکاتێکدا ٧٠٠ ملیۆن کەس داخزاون بە هەژاریەکی کوشندە ،رۆژانەیان بە تەنها دوو دۆلار ١٥ سەنتە. کەمتر لە دەیەیەک بلیۆنەرمان دەبێت، بڕەکەم بە ٢٢٩ ساڵی تر دەتوانین هەژاری لە نەوبڕین. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەم نایەکسانییە هەرگیز و هیچ کات بەم قەبارەیە نەبووە.٥
بە یەکەم جار لەماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردودا، هەژاریەکی سامناک و خاوەن سامانێکی یەکجار گەورە کەرقیان بەیەکەوە هەڵدەکشێن. لەساڵی ٢٠٢٠ دا ٢٦ بلیۆن دۆلار (٦٣ لەسەدا) تەنها چەتە باخەڵی سەدا یەکەو، لەکاتێکدا ١٦ بلیۆن دۆلار (٣٧) لەسەدا بە باقی دانشتوان بوو. ئەم پێشهاتە مێژوویییە دەیەی گۆشەی کڕکبوونی سەرمایە، لە ماوەی دە ساڵی پێشوودا، ژمارەی ملیاردێرەکانی دوو قات کرد. لەهەمان کاتدا لە حاڵی ئێستادا ١.٧ ملیارد لە کرێکاران، مەمرەمێژی لەو وڵاتانەی هەڕائاوسان تیا بەرزە دەگوزەرێنن، ٨٢٠ ملیۆن کەس یانی هەر یەک لە دەکەس لەسەر ڕووی زەوی برسی و هەژارن و ژنان و کچان لە سەدا ٦٠هەژاران پێک دەهینن. ئەکسفام ڕوو لە بانکی جیهانی دەکات و بەم وشانە دەنوسێت: (دەنگێ ئەمە لەسەردەمێکدا بژین کە گەورەترین نایەکسانی و هەژاری لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە ببینینەوە)
هەندێک لە وڵاتان بەتەواوی لە لەواری مایەپووچی دان. لە کاتێکدا ووڵاتە هەژارەکان چواربە قەد ئەو پارەیەی بە بواری تەندروستی تەرخانی دەکەن، پارە بە خاوەن قەرزەکانیان دەدەنەوە. چوار لە پێنجی دەوڵەتەکان پلانی دەستگرتنەویان هەیە بەبەی ٧.٨ بلیۆن دۆلار لە کەرتە فەرمیەکانی بواری ڕێگاوبان پەروەردە و تەندروستی. ٦
ئەم سیستەمە وەک ڕاپەرتەکەی ئەکسفام نەوی ناوە "مەکینەی بەرهەمهێنانی نایەکسانی"، لە ئاکامدا دەستکورتەکان هەژارتر وزەنگینەکان دەوڵەمەندتر دەکات. بەینی مرۆڤ بە سروشتەوە، فەرمەکی چەوسێنەرانەی هاوشیوەی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکانی پەدەدا و ناهەقیەت و ناتوانیت پابەندی کەمکردنەوەی گەرم بوونی زەوی و کەمکردنەوەی گازی سیئەتە بێت.
"دە دەوڵەمەندترین پیاوەکانی جیهان توانیان لە کاتی کۆرۆنادا، سەرمایەکەیان دوو قات بکەن، لە هەمان کاتدا لانی کەم ١٣ ملیۆن لە ژنان، کار و داهاتیان لە دەستدا، ٢٠ ملیۆن لە کچان بەهەی داخستنی قوتابخانەکانیانەوە، جارەکی تر ناتوانن دەست بەخویندن بکەنەوە. بەهەی هەڕائاوسانەوە ماددە خراکییەکان و کەمپانیاکانی ووزە، قازانجەکانیان زیاتر دوو قات بکەن. ٨٤ لەسەدای ٣٠٦ ملیاری دۆلاری ئەمریکی بەسەر خاوەن پشکەکاندا دابەشبکرێن. بەمجۆرە

دووەمەندەکان هەر دووەمەندتر و تەنانەت لە کاتی قەیرانەکانیشدا هەژارەکان هەژارتر دەبن. سەدا حەفتای ئەو کەسانەی کە لە سالی ٢٠٢٢ دا کاریان لە دەستداوە، ژنانن. ٧
ئیکۆلۆژی و شۆوازی بەرهەمهێنان، ئیکۆسۆشیالیستی و سیستەمی گەرمی زەوی
پێویندیەکی پتەو لە نێوان شۆوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وتانەکانکردنی ماددە سەرەتاییەکان (سەروشت) وهەژارکردن و وەرانکردنی ژینگە و گەرمبوونی سیستەمی زەوی هەیە. ئەنگەڵس ئەم بابەتە بە خوێنەرانی کوردزمان لە چاو ئەورووپایی و ئەمەریکییەکان سەرەتا بەت. بایە زەر گرنگە لە نەو کۆنتێستی کێبەندی داڤسداوبە فڕەی ئەوەی ' کاپیتالیستی سۆوز" دەتوانێت کارساتی ژینگەییەکان تێپەڕێنێت سەرنجبدەین. .
ئەوتەکی نوێ لە نەو بزوتنەوەی سۆشیالیستی و مارکسیستی بە پشبەستن بە میتەدی مارکسی، لە تەقالای ئەوە دایە لەنەو جوانەوەیەکی کەمایەتی فراواندا کە ئەمە لەبەرامبەر نابودکردنی ژینگەی جیهان و گەرمبوونی سیستەمی زەوی بەکەوتوو، دەرکەوتنی ئەم مترسیانە پێویند بکات بە هۆشیاری تیوری شۆوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە. ئەم ئەوتە متمانە و پشتیوانیەکی فراوانی لەنەو لاواندا.ئەورووپا بەدەستهێناوە . تێریسینی بە هێزی مارکسیستی بە پێدا بوون.
بەپێی ڕاپۆرتێک کە هەر لە دەورووبەری کۆربەندی داڤس بڵاوکراوەتەوە، ١٤،٥ ملیۆن مردن و١٢.٥ بلیۆن دۆلار زیانی ماددی بەهۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرما تا ساڵی ٢٠٥٠ ڕوودەدات کە بەزەری ژنان و کەمدەرامەتەکان دەگرێتەوە.٨٠
دە لێسەدی دانشتوانە دووەمەندەکەی گۆی زەوی ، سەدا پێنجای تاهاب (گازسی ئەتە و میثان و ئۆزۆن)،دروستدەکەن.
(بەتایبەت کەشی ئاو، لەکاتێکدا نیوەی دانیشتوانی گۆی زەوی لە ساڵێکدا، مانگێک لەژێر بێئاوی بەهۆزدا ئازار دەچێژن، ..ئەوناوچانەی بەهۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمی سیستەمی زەویەوە کە٣.٣ ملیارد ئینسانی تیا دەژی، بەهۆی بیابانی وگوڕوتفانەوە، ڕادەی مردن ١٥ جار زەرترە لەهەر جێگایەکی تر،... لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە هەر ساڵێک ٢٠ ملیۆن کەس بە هۆکاری گۆڕانی ئاوهەوا ناچارن کۆچ بکەن...)٩
زەربەی جێلەجێکان بە ئەوە دەچن کە زەوی لە سەرەتای دەورەیەکی نوێدایە ولەئاکامی مامەڵەی ئینسانەوە ئەم ئاوگۆڕە پێدابووە. بەرزبونەوەی پلەی گەرمی وزەری تاهاب، توانەوەی خڕایی بەستەڵەکان، وشکبوونی ڕوبارەکان، تاڵانی کەرستەکانی سروشت

لایەن دەوڵەتانی ئیمپریالیست وئازمەی ووزە وڕاندنی ئەم هەموو ژەهرە، مرۆڤایەتی لەبەردەم مەترسیەکی جددیدا ڕاگرتووە. دواکەوتن هەناگرێت وگەلانەوەی پلەی گەرمی زەوی بۆ پێش شەش پیشەسازی وشەش لە پەناو ڕاگرتنی ئیکەلۆژی و ژینگەی پاک، پێویستە سیستەم بگۆڕین نەک ژینگە.
نوسینەکانی مارکس لەسەر پەیوەندی ئینسان بەسروشتەوە میکانیزمی کاری ئینسان وکائینەکی بەرپرسیار لە بەرهەمهێنانی پێداویستیەکانی ژیانی خۆی، وە بەشداری ئینگلس لە زانستی دیالەکتیکی سروشت وپەیبردن بە ئەرگانیکی سروشت، لەکتێبی ئەنتی دەهرینگدا بۆتایبەت، دەتوانین بە سەرتایەکی تیوری گرنگ بۆ ناکۆکییە بنەڕەتیەکانی سیستەمی سەرمایەداری تێبگەین.
سیانزە تێزەکەی میشێل لەڤی سبارێت بەستراتیژی ئیکۆسۆشیالیزم و کتێب ونوسینەکانی کرستیان تسیللەرلەسەر بزوتنەوەی ئیکۆسۆشیالیستی و سەدان نوسەرو هەڵسوڕاوی سۆشیالیستی ئاسیاکی تر دەنێنە بەردەم کەمەگای مرۆڤایەتی. ئاسەی ژگاری لە هەژاری و نایەکسانی هاوپشت وهاوکاتە لەگەڵ شەش بۆ ژگارکردنی سروشت لە چاوچنۆکی وتاکانی سەرمایە.
(نوێنەرانی سەرمایەو ژەمەکانیان ، وەها زیندانی نەو لۆجیکی توانای ململانێکانن بۆ مانەوە، نادیانەوێت و نڵەو پگۆیشن بتوانن بەرهەمهێنان، گواستنەوە و بەکاربردن، زیانەکانیان وەها کەمبکەنەوە کە پلەی گەرمی زەوی بۆ ۱.۵ پلەی گەرمی سیولی کەمبکەنەوە…ەگا مەدەن با لە پشدا ئاوهەوا زرگاربکەین وئینجا دواتر ولەکۆتاییدا لەدژی ستەم وچەوسانەوە خەبات بکەین)۱۰
ئیکۆسوشیالیزم، پەیوەندی ئینسان بۆ سروشتەوە، هەکدەخاتەوە لەسەر بنچینەی ژگارکردنی کار لە چەوسانەوە. ئازمەی ئاو لەناوچەکە وبۆتایبەت لەعەراق وپیسبوونی ژینگەی شارکان، بشکۆ لە گشەی سەرمایە و هەکاری هەژاری جەماوەر. ئەم وتارە هەوڵکی بچووکە بۆ ئاستێدا.

مانگی یەکی ۲۰۲٤

———

der Bund.leitartikel , page 15, 19.01.2023-1
2-WOz.Nr 4.25.jaunuar.2024
3-Le Monde diplomatique.januar 2024,Annete Hug.
4-هەمان سەرچاوەی پشوو
Nzz.20.01.2024 , bewegung fur sozialismus.-6&5

7-flamende magazine ausgabe 5 Herbst 2023
8-woz,Nr 3,janaur 2024
9-okosozialismus ,Daniel tanuro , page 41
10-okosozilsmus.position des Klassischen Marxismus.page

شۆخـــــــــوازی لـ دژوە و لـسـەدارەدان لـ نـــاوخـۆی ئـران!.. عـبدولـلـحمان گـورکی

لـ لـژایی نـمانی دـسـاتی مـزهـبی لـ ئـران، (عـلی خامنـیی) وـک هـموو دیکتاتـرـکان، شـپـلی ستـم و سـرکوت و ئـشکـنجـ و ئـعدام و کوشتنی خـلکی زیاد کردووـ. بـ پـی ئـماری باوـپـکراو، ئـم رژـمـ لـ ماوـی چوار مانگی رابردوودا زیاتر لـ ٤٠٠ کـس و لـ ماوـی سالـی ٢٠٢٣دا نزیـک بـ ٩٠٠ کـسی لـ سـدارـ داوـ. پـشـبینی دـکرـت لـ رـژانی داهاتوودا ئـم ژمارـیـ زیاد بکات! بـچی؟!
تـامـانـک لـ دـخـی ئـسـتای دـسـاتی ویلایـتـی فـقیهـی، یارمـتیدـرمان دـبـت بـ گـیشتن بـ وـامی ئـم پرسیارـ. دـخی رژـمی ویلایـتی فـقیهی لـ ناوـاستی دـیـی پـنجـمیدا، لار و لـرزـک و ناسـکـ و رـگاکـانی گـانوـ بـ هاوسـنگی پـشـوو بـووـیـدا داخراوـ! ئـمـ پرسـیـکی زانستی و لـژیکی و حـتمییـ. چونکـ هـموو تاکتیکـکـانی مـانوـی لـ دـسـاتـ بـکارهـنـاوـ و ئـسـتا هـیـچ بژاردـیـکیتری نـییـ جگـ لـ رووخان و نـمان؟
بـ واتایـکیتر، ئـم دـخـی رژـمی ئـران، کـتایی هـموو دیکتاتـر و دیکتاتـریـیـکان بـووـ کـ ناچار بـوون پـیـدا تـپـان و بـووخـن و رووخاون. دـسـاتی دیکتاتـری حـمـزاشا، نـموونـیـکی کـنکرـتی ئـو راستییـیـ کـ لـ سالـی ١٣٥٧ (1979)لـ لایـن خـلکی ئـرانـوـ رووخـنرا و کـتایی پـهات!
لـ گـان بـدوای هـکارـکانی ئـم دـخـدا، کـ راگوزـر و کاتییـ و ئاسـیـکی روونیش دـخاتـ بـرچاو، چـند هـکارـکی سـرـکی و گرنگ هـن:
• لـنـاوخـی ئـرانـدا خـلـک تـووـن و بـ هیـچ شتـک کـمتـر لـ

رووخاندنی دیکتاتۆریەتی ویلایەتی فەقیهی رازی نابن. بە تایبەت ئەستا کە ناوەندەکانی شەش (کانونەکانی شەش) لە هەموو ئۆراندا بناوبوونەتەوە و سەرکردایەتیکردن و ڕێنوێنیکردنی ناڕازایەتییەکانیان گرتۆتە دەست. ئەم ناوەندانە، بە چالاکیی ڕۆژانەیان، بوونەتە خاڵی ئومێد بۆ خەڵکی ئێران لە پێناو گەیشتن بە ئازادیدا.

• هەموو بەرنامە و پیلان و بۆشایتانکردنی لایەنانی ڕاپەڕینکار و شۆڕشگێڕی بەرخەدان لە لایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە و لە پێناو بە لاڕێدابردنی بیروڕای گشتی و پەراوێزخستنی هێزی سەرەکی موقاومەتی ئێران شکستی هێناوە. تەنانەت ڕێژیمی تۆکمەران و ماڵوێرانکاری پاشماوەکانی دیکتاتۆریی پێشوو و ئیمدادگەرانی غەیبی و ڕۆژئاوایش، نەیانتوانی قەیرانی ڕووخاندنی دیکتاتۆری لە ئێران چارەسەر بکەن!

• سیاسەتی (سازان لەگەڵ دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی لە ئێران) کە هەمیشە وەک ئاستەنگ لە بەرانبەر ڕاپەڕینی گەل ڕێگی هەبووە، شکستی هێناوە و ئێستایش خزمەت بە مانەوەی ئەم دیکتاتۆریەتە دەکات لە هەڵیسانی شۆڕش و شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا!

• شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە راستیدا دوو لایەنی هەیە. لە لایەک دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئایینیی ئێران و بە تایبەتی باسکە سەربازییە مەترسیدارەکەی، واتە (سوپای پاسداران) و هێزە هاوتەریبەکانی، و لە لایەکی دیکەشەوە خەڵکی ئێران و خەڵکی ناوچەکە. بە واتایەکیتر، شۆڕشی سەرەکی لە نێوان دەسەڵاتی دیکتاتۆری مەزهەبی و خەڵکی ئۆراندایە کە پێشهاتکانیتری ناوچەکە یەکلایی دەکاتەوە!

• لە ناوەند و کانگای ئەو شۆڕشە سەرەکییەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، شۆڕخوازیی وڵی فەقیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشبینیکراو بوو. شۆڕخوازیی دەسەڵاتی وڵی فەقیە کە "دیاردەیەکی شووم و دڕندانە"، نەک هەر نەیتوانی و ناتوانێ ڕێگری لە ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی مەزهەبی بکات، بەڵکو خێراتریشی دەکات و بیر و ڕای گشتی لە جیهان هان دەدات بۆ پشتیوانیکردن لە ڕاپەڕین و بەرخەدانی گەل لە ئێران!

• ڕاپەڕینی جەماوەری ساڵی ١٤٠١ ڕاپەڕینکی نەک جیاواز نییە لە ڕاپەڕینکانی ڕابردوو، بەڵکو خاڵی پێگەیشتن و درێژەی ڕاپەڕینکانی پێشووە و بە تایبەت تەواوکەری ڕاپەڕینی خەڵکی ئێرانە لە ساڵی ١٣٥٧ (1979) لە دژی دیکتاتۆریەتی حەمەڕەزاشا. گەلی ئێران و خەباگریی ئێران بەیارن بۆ بنبڕکردنی دیکتاتۆریەت لە ئێران بۆ هەتا هەتایە! ئەزموونکان دەریانخستووە کە موقاومەتی خەڵکی ئێران ئەوەی دیاوەت و پلانی بۆ دانراوە و بە تایبەتی

(ئازادی)، بەدەست دەهێنێت!

• تا ئێستا کەمتەرخەمی نەبوودووەتی لە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا "ستراتیژیەکی دروست"ی نەبووە. ستراتیژیی دروست بریتییە لە "دانان بە خەباتی خەڵک و موقاومەتی ئێران بە رووخاندنی رژێمی دیکتاتۆری" و پاشان "دامەزراندنی ئەلتێرناتیڤێکی دەموکراتیک" کە پابەندە بە جیابوونی ئایین لە دەوڵەت، یەکسانبوون نێوان ژنان و پیاوان، خودموختاریی نەتەوەکان، . هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان و ئێرانێکی کەماری و نائەتەمی و فرەیی و پابەند بە ئاشتی و دەستایەتی لەگەڵ جیهاندا.

• ستراتیژیی دروست، رووخاندنی رژێمی ئێرانە لەسەر دەستی خەڵک و موقاومەتی ئێران. لەبیرمان نەچێت، ساڵی رابردووداً، سیاسەتی سازانی حکومەتەکانی رژئاوا لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی لە ئێران، ویلایەتی فەقیهی لە ئێران هارتر و رووقایمتر کرد. ئەو شتە نەگریسەی ئێستا لە رژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئاڕادایە، بەرهەمی مانەوەی دیکتاتۆریەت لە ئێران و سیاسەتی سازانە لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە. لە کاتێکدا هەر لەسەرتاوە روون بوو کە "سەری ماری ویلایەتی فەقیهی لە تاراندایە" و پێویستە وەکردنی ئەم فەرمولەیە بە چارەسەرکردنی قەیرانی رژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستە!

• ئامانجی سەرکیی عەلی خامنەیی لە چەکردنەوە و درژدان بە شەپۆلی سەرکوت و ئێعدام لە ناوخۆی وڵات و شەڕخوازی لە دەرەوەی سنووریکاندا، (بڕ لە پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و دوورکەوتنەوە لە قەیرانی نەمانی دیکتاتۆریەت) بە "شەواندنی" سنووربەندی و بەها مرۆیی و سیاسییەکان و دووبەرەکینانەوە لە ریزەکانی گەل و لایەنە سیاسییەکاندا بووە، کە هەرچەند کورتخایەنە و ناتوانێت چارەسەرێکی درژخایەن بێت بە دەرچوون لە قەیرانی رووخاندن، بەڵام بە کاریگەری نەبووە. لایەنە بەرژەوەندیخوازەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران، لاگر و کەیاری تاکتیکی ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆریە بوون کە دەرئەنجامەکەیشی، رشتنی خوێنی زیاتری خەڵک و ڕەنجکانی خەڵک بووە لە ئێران و ناوچەکەدا.

• هەڵەکانی ناو ئۆپۆزسیۆنی رژەمێک، هەمیشە قاعیدەی بەرخەدانن بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر. بە واتایەکیتر ئۆپۆزسیۆنی رژەمێک، هەرچەندە نوێنەرایەتی رژیمێکی فراوانتری گەل دەکەن لە دژی دیکتاتۆریەت، بەڵام (بەرخەدانی گەل) هەگەری شکست و گەندەڵکاریەکی ریشەیین لە وڵاتدا، کە خاوەن رەگوچارەی بنەڕەتین بە چارەسەری کێشەکان. هەر لەبەر ئەمەشە کە رژەمە دیکتاتۆرەکان لە ئێران هەمیشە لە "ترسی تایبەت"دا بوون و تەقاون لە بوونی بەرخەدان و یەکە و ناوەندەکانی شەڕش!

دەرئەنجامەکان:
ژمێی دیکتاتۆری ناتوانێت خەڵکی لە رووخاندن بدوور بگرێت. هەروەک چۆن ئیران و خەڵکی ئێران بە هیچ شتێک کەمتر لە رووخاندنی دیکتاتۆریەت رازی نابن. لە بەرامبەر "بازنەی بچووکبوونەوەی دەسەڵات"، پێویستە "بازنە لە بەرەی گەل"دا بەرفراوانتر بکرێت و "بەرخۆدان" بەهێزتر و داواکاری و دروشمەکان لەگەڵیدا رەگ بخرێت. هەربۆیە پێویستە پیلانگێڕان و خۆوشدارکردنی سنووربەندییەکان و لاوازکردنی بەرەی گەل، (کە لە لایەن دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەوە کاری بۆ دەکرێت) پووچەڵ بکرێنەوە و ریزەکانی گەل و بەرخۆدانی گەل پتەوتر بکرێن و هەموو فەڵ و تەکتیکی رژێمی ویلایەتی فەقیهی، پێچەوانە بکرێتەوە بەسەر دیکتاتۆریەتدا. ئەم فەرمولە، لەکدانەوەیەکیتری فەرمولەی "سەری ماری ویلایەت لە تاران"ە، کە پێویستی بە پەلیشکردنی ئیرادە و قەڵەماینە بە درێژدان بە خەبات و تەکۆشان لە پێناو گەیشتن بە سەرکەوتن بەسەر دیکتاتۆریەتدا. بەم شێوەیە دیکتاتۆریەت لە ئێران و ناوچەکەدا کۆتایی دێت!

عەبدولڕەحمان گەورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

" نامەکانی ڤانکەخ ".. ئامادەکردن و وەرگێڕانی" حمە هاشم ".. خوێندنەوەی: ڕۆژگار خالید

کتێبکی قەبارە بچووکە و نزیکەی 150 لاپەڕەیە .
ناوەڕۆکی کتێبەکە زیاتر لە 30 نامەی دەستنووس و زیاتر لە 40 تابلۆ و " سکێچ " دروستکراوی لەگەڵدا چاپکراوە هەموو نامە و تابلۆ و سکێچکان بە " تیۆ ڤانکەخی" براکەی ناردووە .
سەرتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کەوا بەدرێژایی مێژوویی ناردنی نامە و

دەستنووس و نووسین ، بە سەدان ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە .
پێش ئەوەی مرۆڤ فێری نووسین و خوێندنەوە ببێت لەڕێگەی " هەماگەلەک لەنێو ئەشکەوتەکان و دیوار و کەشکەکان وێنەی ئەم و ڤێغان و وێنەی مرۆڤ و هەبوونی ئاژەڵی دەندەیی کێشاوە و کێسانی دیکەی لە ئاگادارکردەتەوە .
"دواتر مرۆڤ فێری نووسین و خوێندنەوە بووە ، ئەوجارە لەڕێگەی هێکەڵین و نووسینی لەسەر ئاسن و پێستە و دواتر لەڕێگەی نامەی کاغەز پەیامی هەبووە .
ئەو پەیامەش چەندەها جار بووە وەک " راگەیاندنی شەڕ و ئاشتی " یانیش" پیرۆزبای و سەرزەنشتی بووە " یانیش" نامەی شادی بووە یانیش پرسە و سەرخۆشی بووە " یانیش مرۆڤ دەردە دڵی کردێ .
پێش سەدان ساڵ تەنها پادشا و ئاوێژکار و دەسەڵاتداران و دەوڵەمەند و خانەدان و دواتریش پیاوانی ئایینی و عاریفان توانیویانە بنووسن و بخوێننەوە .
لە ئێستادا ژیانی مرۆڤکان گۆڕانکاری بەسەر رووپداوە و نووسینی نامەی سەر کاغەز پاشکشەی کردووە و بووە بە بەشێک لەو شێوە ژیانەی هەبووە .
کەچی
نامەی دەستنووسی کەسایەتی و ناوداران و شاعیران و نووسەران کەچەند سەد ساڵێکە نووسراون تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی فراوان دەستاو دەستی پێوەدەکرێت و دەخوێنرێتەوە و لە مەزادی ئاشکرا دەفرۆشرێن و هەندێکیان لە مەزەخانەکانی دونیا نمایش دەکرێن و جێگەی بایەخن .
ئەم کتێبە 3 بابەتی لەخۆ دەگرێت .
یەکەم /
دروستکردنی تابلۆی سکێچ وێنەکان پێش و سپین و تەنها پێنووس بەکاردەهێنرێت و دواتر شێوازی هێبژاردن و پەرشکردنی ڕەنگەکان و داهێنانی نوێی کردووە لە دروستکردنی تابلۆکان وەک تابلۆی " پەتاتەخۆرەکان و ژیانی جوتیار و کرێکاران و ژیانی هەژاران " و هێبژاردنی ئەو شوێنانەی تابلۆی تێدا دروست دەکا و لەو بارەیەوە دەڵێت " چوومە دەرەوە لەناو جووتیارەکان و کێڵگەکان دەگەڕام بە ئەوەی شوێنم هەبێت و تاوەکو تابلۆکان بکێشم ، وە کەینی فلچێ و بۆیە و کاغەز و قوماشی تایبەت بە تابلۆکانی خەمکی گەورەم بووە چونکە پارەم نەبووە ناچارانە براکەم پارەی بۆ دەناردم لەم بارەیەوە دەڵێت " لەڕێ کەسانێک هەن پاپشتی لە تابلۆکشان دەکەن ئەگەرچی باری دارایان باش نییە وە هەندێکجار کڕیارەکان وا هەست دەکەن پارەیان بەفیڕداوە لە کەینی تابلۆکان، هیوادارم ڕۆژێک بێت

تابلۆکانم بفرۆشم و قەرەبووی چاکەکانت بکەمەوە و باری دارایی سەرشانت سووک بکەم ، لە بارەی ئەم دەخەدا قانکەخ دڵنیات
" بە شتە بچووکەکان دەستپەدەکەم بە نام هیواکانم گەورەن ، منیش بە ژیان شەق دەکەم و ئازار دەچێژم تا بگەمە ئەو ڕێگە خۆشنەی هیوای هەردووکمانە " .
دووەم /
نهێنی ژیانی خۆی .
دڵنیات
مەرەف بەژیان تاقی دەکرێتەوە هەروەک چۆن زۆر بە ئاگر تاقی دەکرێتەوە !
نازانم ژیان بەرەو کوێ دەڕوات ؟
چی بەسەر هۆشیاری ئەمە دێت ؟
هەموو شتەکانی دەوروبەرم بەرەو خەمەکیم دەبەن هەرباشە کاغەز و قەڵەم هەیە، لەگەڵ ئەوانەشدا شتەکان سەرلەنوێ دروست دەکەمەوە و هەموو شتەکان دوای ئەوەی کات بەسەریاندا تێدەپەڕێت کۆن دەبن و سارد و مات دەبن ، من چی بکەم ؟

3. گەرانکاری فکری و هونەری .
باسی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات کە سوودی چییە بە ژیان و مرۆقایەتی ئاگەر بوێری ئەوەمان نەبێت هەموو شتێک تاقی بکەینەوە لەگەڵ تەمەنمان شتەکان قورستر دەبن !
بە نام هەزی ناوەوەی دە گەشە دەکات لەکاتی بەرەنگاربوونەوەی سەختیەکان و هەندێک سەرکەوتن دەرئەنجامی هەیە ، هەر بۆیە پرسیارێکی سەیر دەکا و دەڵێت ژیان چی دەبوو ئاگەر بوێری هەوەدانمان نەبوایە ؟ راستە خۆشویستی هەمیشە سەختی دەهێنێت بە نام لایەنی ئەرێنی ئەوەیە کە وزە دەبەخشێت .
دونیا هەندێک گوڵم بە نگی گل نەخشاند هەموو شتێک خۆنەکە خۆنەکان بەهودەن پەی خۆنیش بەردەوام فریومان دەدەن !!
بیرکەی زەر پاڵم پێوەدەنێت بە تابلۆی تازە کەچی ناتوانم بیکەم ، دووشت ەوحم دەجولێنێت تەماشاکردنی خەر و مردن .
هەربۆیە زەربەی تابلۆکانی ەنگی زەرد و ەنگی خەر و ەنگی گلن و هەست دەکەی هەموو شتێک ەوحی تێدا دەرچووە .
ئاگەر بە استی سروشتت خۆش بوێت، لە هەموو شوێنکی ئەم دونیایەدا هەمیشە جوانیەکان دەدەزیتەوە .
ەوودەدات؛ هەموو ژیانت خەریکی دەخەشکردنی ئەوانی تر بیت کەچی کەس لەبیری تێدا نەبێت کە چ جەهەندەمێک لەسەرم گەرم

بوون !

گفتوگۆ لەگەڵ ستیڤان شەمزینی.. ئامادەکردن: لیزا محەمەد

(ئەمە ئەو نووسینەی مەحکوم کراین بە ڕەشبینی..) ستیڤان شەمزینی

لیزا: وەک ڕۆژنامەنووسێک سەرەتا دەمەوێت بپرسم لە هەنووکەدا کێشە و ڕووشی ڕۆژنامەوانی کوردیی دوای سەد و بیست ساڵ تەمەن چۆن دەبینیت؟. قسەت لەسەر شێوازی کاری میدیایی چییە لەم بارودۆخەدا؟.

ستیڤان شەمزینی: جیهانی ڕۆژنامەوانی کوردیی جیهانێکی پڕ ئیشکالییەت و ئاڵەنگارییە، بە ئاوەشی بتوانین قسەی لەسەر بکەین، هەم پەیوەستمان بە ڕووبەرێکی فراوانترە لە دیمانەیەک، هەم بابەتەکە پەیوەستی بە وردبوونەوە و داتا و شرۆڤەی تیۆرییە. ئاوەی لێرەدا دەکرێت ئەمە لەسەر ئەم تەمایە قسە بکەین، ئاوەیە: ڕووشی ڕۆژنامەوانی کوردیی بە بەراوورد بە تەمەنی خۆی "١٢٠ ساڵ" ڕۆژنامەوانییەکی پاشکۆتوو و بەجەماوە، شایانی بەراوورد نییە تەنانەت بە ڕۆژنامەوانی عەرەبیی!! کە من پەموایە ڕۆژنامەوانی عەرەبیش ڕۆژنامەوانییەکی دواکەوتووخوازە و تاکو ئەندازەیەکی زۆریش بە جەماوە لەو گۆشەکردنە خراپەی فۆرمی ڕۆژنامەوانی خۆرئاوایی بە تایبەت لە قۆناغی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و خراپبەستنەوەی جیهان بە یەکترەوە و بچووکبوونەوەی دنیا بە ئاستی گوندێک. لەم گوندە بچووکە جیهانییەدا ڕۆژنامەوانی کوردیی "بە تایبەت باشوور" پاشکۆی ڕۆژنامەوانی عەرەبییە لە ڕووی جیهانبینی و فۆرمەوە، ڕۆژنامەوانی عەرەبیش هەروەک وتم ڕۆژنامەوانییەکی ئیفلیج و لەنگە بە پێی ستاندارە ئەکادیمییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی.
لە ستروکتۆرەوە کاری ڕۆژنامەوانی مامناوەندیی لەگەڵ ڕووداوەیان هەواڵ، ئەو شەش ڕۆگەزە سەرەکییەی هەواڵ "کێ و کەی و چۆن و بۆ و لە کوێ و چی" بنچینەی کاری ڕۆژنامەوانین، بەڵام ڕۆژنامەوانی کوردیی دوای سەد و بیست ساڵ کەمتر دەتوانێت هەواڵەکمان پێشکەش بکات بەو زمان و فۆرمە ڕۆژنامەنووسییە ستاندارە، بە پێچەوانەوە

پیشەیبووون و ئیتیک و موراڵی ڕۆژنامەوانی هەمیشە لە ڕاگەیاندنی کوردیدا ون بووە و ژێر پێ خراوە!!. ڕۆژنامەوانی کورد بە گوێرەی ئایدیای خەیاڵی مامۆستا لەگەڵ ڕووداو و هەواڵدا دەکات، نەک وەک ئەو وێنە مۆلموسەی لە واقیعدا هەیە یان ڕووەداوە، بە دیوێکی تردا هەمیشە ئەو هەواڵ و ئەرتیکۆڵە ڕۆژنامەوانییانەی لایەن ڕۆژنامەوانی کوردەوە ئاماستەی وەرگر دەکرێت وێنایەکی ساختەی ڕووداو و هەواڵکانن. ئامانج زادەی ناپرۆفیشناڵی و بێلایەن نەبوون و هەمیلایەن نەبوونی تاکی ڕۆژنامەوان و دۆزگاکانن!. من لێرەدا ناماەوێت بڕیار ڕۆژنامەوان بدەی نییە لایەنگری ئایدیۆلۆگییەکی دیاریکراو بکات، هێندەی مەبەست لە ماموستاکردنی بێلایەنانە و هەمیلایەنانەیە لەگەڵ ڕووداو و ئامادەکردنی هەواڵدا.
من ئەم قۆناغەی ئێستای ڕۆژنامەوانی کوردیی ناو دەنێم قۆناغی گەندەبووونی ڕۆژنامەوانیی لە کوردستان، بەو پێیەی ڕۆژنامەوان و دۆزگا ڕۆژنامەوانییەکان دەستاتی خۆیان وەک دەستاتی چوارەم، خراپ بەکاردەهێنن، ئامانج خۆی لە خۆیدا جۆرێکی تر لە گەندەڵی، لەو سەنگەرەی دیاردەی گەندەڵی تێنها ڕاهێندی ئابووری یان ئیداریی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی فرە ڕاهێندە. ئەوەی لە ڕووشی ڕۆژنامەوانی کوردییەدا پراکتیزە دەکرێت، نموونەیەکی هێندە بە کێشک و مسرەفگەرایە، مەگەر هەر لە کورد ئامە ڕوویدا بێت، بەو پێیەی مسرەفگەرایش هەروەک گەندەڵی تێنها لە ڕووە ئابووریەکەدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو فەرمی جۆراوجۆری هەیە، لەم نموونەدا دەبینین، لە کوردستان تایپێک لە ڕۆژنامەوان دروستبووون مسرەفگەرن، تێنانێت هێندە وشیان بە فیداوە هیچ ئەرزشێک بە وشە نەماوەتەوە، بەیە "ڕاستکردنەوەی زمان" بە مانا "کۆنفەشیەس"یەکەی کارەکی پشنارە و بایەخداری ئەم قۆناغەی کاری میدایی لە کوردستاندا، وەک وتیشم ئەم قۆناغە ناو دەنێم زەمانی گەندەبووونی ڕۆژنامەوانان. "هەبێتە مەبەستم بدەکێکی دارایی نییە، هێندەی مەبەستم بدەکێکی خراپ بەکارهێنانی دەستاتە ڕەمزییەکەی ڕۆژنامەوانییە".

لیزا: لە هەردوو کامە شیعرەکتدا کە بە چاپت گەیاندوون، بە ڕوونی ئەو دیارە پێیەوی هیچ ڕەبازێکی ئەدەبی دیاریکراو ناکەیت.؟ ئامە چۆن دەبینیت و ئایا کێشە نییە شاعیرێک سەر بە قوتابخانەیەکی ئەدەبی نەبێت یان لە ڕوانگەی تەوە پێناسەی شیعر چییە و چۆن دەتوانیتە پاشگەردانی شیعر نووسین؟.

ستیڤان شەمزینی: پرسیارێکی جیددییە، هەبێتە خۆم بە مۆلکی ئازاد دەبینم، ناچمە ناو قەفەزی هیچ ڕەوتێکی ئەدەبی دیاریکراوەوە،

ئەمش هاوواتای ئەوە نییە سوودوەرگرتن لە کەلەپووری رەشنبیری و قوتابخانە ئەدەبییەکان بەهەند وەرناگرم. هەرچەند زیاتر سەرسامم بە رەمانسیزمی نوێ، بەڵام هەوەمداوە بە شەوازی خام شیعر بنووسم، ئاخر شیعر مامۆستایەکی هەست و خەیاڵ، تە ناتوانیت ئەم هەست و خەیاڵە بخەیتە چوارچێوەی جیهانبینی قوتابخانەیەکی دیاریکراوەوە، خەیشم نازانم شیعرکانم لە چ خانەیەکدا پۆلێن دەکرێن، تەنیا ئەوە دەزانم هەستی خام دەنووسمەوە، ئەو بورکانەی لە خەیاڵمدا دەتەقێتەوە لە بەتەی شیعردا دەیاننووسمەوە. بانگەشەی ئەوە ناکەم کێش و مۆسیقا و فۆرمی شیعرییم بە گرنگ نییە، بەڵام لەسەر ستایلی هیچ کەس و قوتابخانەیەک شیعر ناووسم، کەسێکی بەرەڵام لە شیعردا، ئاوهاش ئازادترم وەک لەوەی خام لەناو بازنەی قوتابخانەیەکی دیاریکراودا گەمارۆ بدەم.
لەڕدا دەموەت ئەوە بەم شیعر پێناسە ناکرێت، تەنە ئەوەندەیە شیعر جۆرێکە لە گەوهەرەوە بە منداڵی، واتە گەوهەرەیە بە ناو بۆرائت و جیهانی ساکاری منداڵی، لەم سەنگەوە هەندێک لە تەوژمرانی سۆسیۆلۆجی پێیانوایە کەمەگەی شیعریی کەمەگەیەکی منداڵە. لە شیعر مۆژووی نییە، رەنگە هەندێ هەموو تەمەنی مرۆڤ بە تەمەن بێت، بەڵام زمانی شیعر زمانێکە لەگەڵ ئاوابوونی فیوداڵیزم، کاریگەریی خۆی لە دەستدا، لە بری ئەوە "رەمان" وەک ژانرێکی زەمەنی مودەرنەتە جێگەی گرتەوە، بە مانایەکی تر شیعر بەرهەمی گوندە و "رەمان"یش بەرهەمی شار. هەر لەم روانگەوە رووداوی ناو رەمانەکان ئاگەر لە گوندێکیشدا رووبدەن نکۆی لەوە ناکرێت رەمان کۆی منداڵدانی شارە. ئاگەر دوور نکەوینەوە لە کرێکی بابەت، کورد کەمەگەیەکی مناڵە "بەپێی پێناسەی کەمەناسی" چونکە زمانی بادەستە تیایدا شیعر بووە، بەیەکا هیچ کار و فرمانێکی بە ئامادەیی شیعر نەچووە بەڵکو "نموونەی شیعرە کێش و سەروادارەکانی کاتی جووتکردن و تەوکردن و درونە و شەتڵدان و قاغی و هتد..".
لەبەرئەمش زۆرێک لەو رەمان و وتارانەی بە زمانی شیعریی دەنووسرێن تا نووکێش پێ خونەرترینن، چونکە تێگەیشتن لە زمانی ئەکادیمی و زانستی بە خونەری کورد گەلێ ئەستەمە.
لەگەڵ ئەوەی خەریکە ئەستێرەی بەختی شیعر ئاوا دەبێت، کەمەک شیعرنووس گەپانی شیعری کوردییان مانپێل کردووە بە رۆژی رووناک شیعر ئەتک دەکەن. یەکێک بە ناوی ئیرەسیەتەوە شیعر لە ئیستاتیکا دادەنێت و دەیکاتە بابەتی سەرجێیی. یەکێکی دی بە ناوی زمانی ساکارەوە شیعر دادەنێ لە هەموو فەنتازیا و تەکنیکێکی هونەریی. هەر یەکەو بە جۆرێک خەریکی ئەتککردنی شیعری کوردیین، ئەمە سەرەتای شیعریمان لە خانی و مەلای جزیری و باباتاهیرەوە تا

دگاتە حاجی قادر و مەحوی و مەولەوی و نالی و سالم و حەمدی، پێیتی لە داهێنان و شکی بیرکردنەوە و گەمەی زمانەوانی و فەنتازیا و ئافراندن، کەچی دوای چەندین سەدە لە رگەی فیسبووکەوە چند ئەرزوحاچیەک سەرقالی ریسواکردنی شیعری کوردین. ئەمە تاوانکە وک تاوانی تانکردنی شونوارە مژوویەکان، وک تانکردنی سروتە سروشتیەکانی وات، وک گندەڵی و بە هەدردانی سامانی گشتیی. زانیمان لە مژوودا سیاسیەکان کاریان تنیا بازرگانی بووە بە خوێن و هەستی مرۆڤەوە، ئەدی هەموو ئەو شیعرنووسانە هەمان کار ناکەن؟. بۆیە پندکی فەرهنسیتان بیر دنمەوە کە دەڵێ (ئەوانەی کاری بەد جوان دەکەن باشترن لەوانەی کاری جوان بەد دەکەن). هەشمەند ئەویە لەم پندە تبگات.

لیزا: شیعرکانت دوو ئاستەی سەرکییان هەیە، یەکەم عەشق و دووەم رشبینی و مردن. چۆن دتوانیت ئەم دوو پدراوە پچەوانەیە لە یەک کاتدا لە بتەی شیعردا تەوزیف بکەیت؟.

ستیڤان شمزینی: بەهۆی بڕچاوت هەڵەتی لاوتی من، یان دسپکی عەشقکەم کوتتە زمانکەوە، کە ناوم ناوە زمانی "تکشکان و کوژانەوە"! واتە ئەو قناغی دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کە هیچ شتک بەهای نەما لە شتی ناوخدا، هیچ گرانییەکی دەخشکڕ نەما بە وتن، هیچ ئاوازکی رووناک نەما بە ژنین، ئەوە ڕژە سرباری جنگ و گمارەی ئابووری و رووخانی تلاری خونی نتوێک، زمینە و ژینگە کەمایەتییەکش مرۆڤی توشی هەناسەسواریی و نامۆیی دکرد، ئەمە ئەو نەوێیە بووین لەو هەلومرجدا مەحکوم کراین بە رشبینی، ئاخر رشبینی ئارزوویەک نەبوو هەوەی بە بدین، بەکو متکێک بوو بڕکی دگرتین، ئەمە لەو زمانەدا گنجیمان دگوزراند هەموو ئاسکان تاریک ببوون، لە ئەم هەڵە دراماتیکییەی تراژیدیای کورد تاکو ئێستاش درژەی هەیە، بەڵام بارە قورسکەی لەسەر شانی ئەو نەوێیەی ئەمە بوو، نابت ئەو سیاقە مژوویە نادیدە بگریت نەوێکی سیخناخ کرد بە رشبینی و نیهلیزم، بە نەوەی ئەمە کە ژیان هەموو رنگە پەلکزەینەییکانی خی حشار دەدا، نائومدیی رەوایی هەبوو!!، بەکو بە هەندکی وک ئەمە کە ئەوسا خونەری جیددی بووین و بیرمان لە دنیای خمان دکردەوە کارساتکە دوو هەندە گورتر بوو.
لەو بەولاوە وک نزار قبانی لە دەڵێت شیعرکیدا دەڵێت "لە زمانکدا بە دوای عەشقدا وە بووین، کە نازانت عەشق چییە". لەو

زەمەنی تەنیا بەنی باروتی لەدەهات و دیمەنی هاتنوەی تەرمی شەکەرکانی جەنگی نوخبی وەک تەمەک ئاسەی روونی گرتبوو، هاوزەمان لەو ژینگە داخراو و تەقنەرە کەمایەتییەدا عەشق و عاشقبوون بە خەی شەشەک بوو، شکاندنی سنوورە تابەکراوەکانی کەمگە بوو، وەنەبەت لە کاتی شکاندنی ئەو سنوورانە کەمگە تەنها فەی بدایتبایە دەرەوەی خەی، بەکو لە رووی فیزیکیشەوە دەیسەیتەوە. گەنجەکی وەک منیش هەم رەشبین هەم عاشق، ئاخە دەبەت شیعرەکانی چەن دەربچن؟. هەوەم دەدا دوالیزمی رەشبینی و عەشق پەکەوە بخەمە ناو رستە شیعرییەکانمەوە، لە کەتاییدا رەشبینی و عەشق بوونە بەشەکی گرنگی سایکەلەژیام، ئەمە هەر وەک بە زەرەک لەو نەوەیەی من هەمان شتە.
لە لە شانزە ساڵییەوە رووم لە بیرکەی کەمەنیزم کرد، "هەرچەند تا ئەستاش چەپم، بەڵام بە دیدەکی جیاتر لە روانگەی چەند ساڵی پەشووترم". کەمەنیزمیش بە خەی بەشەکە لە فەلسەفەی گەشبینی، بەو پەیەی هەمیشە هیوادارت دەکات بە سەیالیزم و گەڵانی ریشەیی دنیا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە هەشتا لە ژەر کاریگەریی ژینگەیی ئاینی و سەفیستی کەمەگەی کوردیی دەربازمان نەبووە، جەرەک لە خەشویستیمان بە مەرگ هەبوو، بە ئاگا کەوتبووینە ژەر ئەو دیدە "هیگل"یەی پەیوایە "مەرگ خودی عەشقە، عەشقی رەها و پوخت لە مەرگدا خەی ئاشکرا دەکات". هەموو دەمانویست "کلایست"ئاسا لەسەر گەی خەشویستەکەمان یان بە یادی عەشقەکی ناکامەوە خەمان بکوژین، تاکو بیسەلمەنین مەرگ خودی عەشقە. لەبەرئەوە ئەمە بە ئەوەی بە خەمان بزانین ببووینە عارفی تەریقەتی مەولانای رەمی و شاگردی مەسەلینی و بەئاگایانە دەماندووت "بژی مەرگ"، بەڵام هەنووکە دوای ئەو هەموو ساڵە وەک دەڵێ شیعرەکەی "ژان ژینە" لە زیندانەوە "داوای ئاشتی لە مردن دەکەم".

لیزا: لە زەرەک لە کتێبە سیاسییەکانتدا یەک هەڵەی روون بەدی دەکرێت، ئەویش دوانە بە زمانی رەخنەیی لە ئەدای سیاسیی و حکومداریی؟ پێتوایە ئەزموونی حکومداریی لە کوردستان هەمیشە شایانی رەخنەگرتنە؟.

ستیڤان شەمزینی: لە راستیدا وەزیفەی هەر تاکەکی بیرکەرەوە بریتییە لە رەخنە، بەو پەیەی رەخنە خەی میتەدەکە دژی داخران و چەقبەستن، لەگەڵیدا ستراکتەری هەر بیناکردنەوەیەکی نوشە. جیا لەوەش بە دەربەینیی ئەدەنیس "رەخنە دژ و پەچەوانەی میتەدی داخراوە". ئیشی رەخنە ئەوەیە پرسیار جەبهەت نەک وەڵام، رەخنە

هەوڵێکی مەعریفی و زانستییە بۆ ئاشکراکردنی دیوی حەشاردراوی هەر شتێک، بۆیە هەمیشە پشت بە زانست دەبەستێت، هەر ڕەخنەیەک لەسەر زانست ڕێ نەنرابێت بە سەو دوو ناچێتە چوونی ڕەخنەوە، ئیدی ڕەنگە بشێک بێت لە داشڕین یان نابووتکردن. تە دیقەت بدە ڕەخنەکانی نیتچە لەسەر زانستی ڕچەکناسی "جینەلۆجیا" تەبەنیکراون یان ڕەخنەکانی مارکس بنەمایەکی زانستیی ماددیی و دیالێکتیکیان هەیە، هەروەک ئەوەی ئێتەسەر، مارکس بە دەزڕاوەی مژوو پێناسە دەکات. لەم سەنگاوە دەتوانم بڵێم ڕەخنەی زانستی و سیاسیی پەیوەستییەکی گرنگە لە پرسەی سیاسیی و دەوڵەتداریدا، بە ڕەخنە ماشێنی دەوڵەت و ئیدارە بڕۆ ستەمکاریی و نادادپەروەریی گەورە دەڵوات.
ڕەخنەکانی من لەو چوارچێوەیەدان بۆ تاوانکردنی پرسەی حکومداریی لە کوردستان، هیچ کات وەک نیارێک بۆ شکاندنی شکۆی کوردبوون ڕەخنەکانم ئاماستە نەکردووە، بەڵکو دروست بۆ پێچەوانەوە کاری من ئەوە بووە حکومداریێکی دیموکراتیک و مودێرن لە کوردستان بێتە ئارا و پێیەو بکرێت، شکۆی هاووڵاتیانی کوردستان بڕز ڕابگرێت، بەمەش شکۆی حکومداریێکە خەیشی بڕز ڕادەگیرێت. بۆ ڕەخنەی سیاسیی پەیوەستم بە زمان و میتۆدێکی سیاسیی ڕەخنەگرانە هەبووە، هەروەک "میلان کوندێرا" لە "کافکالۆژیی"دا باس لەوە دەکات هەستەنگاندنی دەروونشیکارییان فرۆیدیانە و مارکسییانە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی "فرانتس کافکا" سەرلەبەر هاوگەلێکی شکستخواردوون، بەو پێیەی دەبێت ئەدەبیات بۆ ئەدەبیات هەبسەنگێنرێت. ئاوهاش من پەموایە هەستەنگاندنی سیاسیی پەیوەستە بە میتۆدی سیاسیی پراکتیزە بکرێت، ئەگەرنا کارەکە دەبێتە خولانەوەی ناو بازنە.

لیزا: لە کتێبی "گووتاری پێپۆلیستی و خەونی بچووکی ڕۆشنبیرانی کورد"دا، ڕەخنەی توند لە خودی ڕۆشنبیری کورد دەگریت. پێتوایە کەموکوڕیی ڕۆشنبیران چییە؟ پێتوایە ڕۆڵی ڕۆشنبیر چییە لە کۆمەڵگەدا؟.

ستیڤان شەمزینی: خۆی لە کتێبەکەدا بە ڕوونی ڕەخنەکانی خۆم ئاماستەی ئەو تایپە لە ڕۆشنبیری کورد کردووە توانیوویانە کاریگەریی جیهانین، ئارکەلۆژیستانە بە دوای لەنگیی و ناتەواوییەکانی تێفکرینی ئەو تەرزە ڕووناکبیرە کوردەدا ڕۆشتووم کە ناخوازن لە ڕەگەی تەزەکانیانەوە مرۆڤ فکری بیرکردنەوە بکەن، بەڵکو دیانخەنە دۆخێکی دەروونشانە تاکو ببنە کێڵەی چەمکەکانیان، بە من ئەم جۆرە لە ڕووناکبیری کورد وەک لە کتێبەکەشدا بە عەوامگەر ناوزەدم کردووە، جگەی ڕەخنە و تێبینی زۆر بوون، ئەو

جیهانێ ئیشکالاویانەی ئەوانم داوەتە بەر نووکی رمی رەخنە تیژەکانم، لەوەدا رەچاوی قسەکەی "مارکس"م کردووە کە دەبێت "دەبێت رەخنە بە بەزەییانە بێت". هەر چەند لە نووسینی باسەکانی ئەو کتێبەدا بە قووڵی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی روانگەکانی "د.عەلی حەرب" بەڵام لەوەدا خۆم جیا کردۆتەوە، کە ئەو پێیوایە "رەشنبیرانی عەرەب پشکداریان لە دروستکردنی رای گشتیی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی نەکردووە"، لەو سەنگەیەی پێموایە رەشنبیری کورد کاریگەریی هەبووە لەسەر رای گشتیی. کەواتە رەخنەکانی من لە کوێدان؟ رەخنەکانم لەوەدا چڕ دەبنەوە ئەم تایپە رەشنبیرە کارتێکردنی نەگەتیڤیان هەبووە لەسەر هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و رای گشتیی، بەو هەیەی ویستوویانە جەماوەر لە مەگەلبوون بە سیاسییەکانەوە بکەنە مەگەلێک بە چەمکە سواوەکانیان.
لەوەدا بە روونی هەمام بە گروپی "رەهەند" کردووە، بە پێچەوانەی بۆچوونی "لەتیف هەمەت" لەسەر بزووتنەوەی ئەدەبیی "روانگە" کە وتی "روانگە هەڵکەیەکی پیس بوو هیچی هەنەهێنا"!، من پێموانییە "رەهەند" هەڵکەیەکی پیس بووبێت، چونکە رەشبینی و پووچگەرایی بەرهەم هێنا، نەوەیەکی داووخاوی هیپیستی هەهێنا، نیهلیزم و بێ ئینتمایی هەهێنا، رەشنبیریی کوردیی کردە مەزادخانەی فیکر، هەر لەو مەزادخانەیەدا هەر رەژەی تەز و ئەنتی تەزەکی سواوی تەدا هەڵاج دەکرێت. بەشەویەکی گشتیی روناکبیرانی کورد، هەشتا کەمەڵ فەقیەکی وشکهەڵاتووی چەمک و باوەڕ دەگمەکانی خەیانن، نەیانتوانیوە دەسەڵاتی رەمزیی خەیان بە ژیاندنەوە و بیناکردنەوەی ژیان وەگەڕ بخەن، ئەوان هەمیشە وەرانکارن، دەروخێنن و دەستیان خاڵییە لە ئەلتەرناتیف، دەرگاکان دادەخەن بە ئەوەی پەنجەرەیەکیش بکەنەوە بە هەناسەدان، ئەوان نوێنەری مەرگدەستین نەک ژیانویستیی، وەک گلگامەش بە نائومێدییەوە لە خەیان دەڕوانن و دەڵێن "ئاە مەرگ بینەقاقای گرتووین".

لیزا: خۆت وەک رەشنبیرێکی چەپ پەناسە دەکەیت. پێتوانییە چەپ ئیتر لە پەراوێزی رووداوەکاندایە، یان پێتوانییە بە رووخانی دیواری بەرلین خۆنی چەپەکانیش داوخا؟.

ستیڤان شەمزینی: قسەکردن لەسەر کۆتایی هاتنی رەڵی چەپ وەک قسەکردنە لەسەر کۆتایهاتنی ئەکسژین لە گەردووندا!! چەپ ئەو ئەکسژینەیە هەموو کەمەگەکان وەک هەزیکی رەخنەگرانە نەک پەویستیان پێیەتی بەڵکو مومکین نییە بە ئەو بتوانن بەردەوام بن. من وا بۆ دەکەم هۆشتاش چراکە خامۆش نەبووە، پەندێکی چینی هەیە

دەڵێت "باشترین کار ئەوەیە مەمک داگیرسێنیت، نەک بانگەشەی تاریکی بکەیت". ئەم پەندە زادەی ئەو عەیامە کۆنەیە، مرۆڤ ئاشقی ڕووناکی بوو، بە تیشکی خۆری دەوانی. لە زەمانێکدا پارە فەرمانڕەوا و سەرمایەداریی کولتووری مرۆڤایەتییە، جیهان کووتە دەست شەمشەمە کوێرەکان. پەندەکەش بەم جۆرە هەڵگەڕاوەتەوە: چراکان خامۆش بکەن، نەکا شەمشەکوێرەی سەرمایەداریی بە شەوارە بکەوێت. جیهان لە سایەی بە ویژدانی کاپیتالیزم و کەمپانیا مۆنۆپۆلەکان و بازاڕی ئازاددا، غەرقی تاریکی و تراژیدیایە. ئەوەی لەم شەوزەنگەدا چراکەی بەدەستەوەیە خودی پیرە پیاوە بیر ڕووناکەکەی سەدەی نۆزدەیە "کارل مارکس".
لە ڕاستیدا وەک لە وتاری "یەتەپیای مەرگی مارکس و ڕووخانی وەڵ ستریت"یشدا ئاماژەم بە کردووە ئامادەگیی چەپ و خودی مارکس لە جیهانی نوێی تاک جەماوەریدا ئامادەگییەکی سەرەکییە نەک کەمبارسانە، لەوەدا وتووەمە هەشتا جیهان پێویستی بە بیری ڕەخنەگرانەی مارکس هەیە, ئاخر کاتێک مارکس هات، نەک هەر ئەدگاری فەلسەفەی گۆی، بەڵکو کودەتای بەسەر تەرمی بیرکردنەوە و پرسیارە وجودییەکانیشدا کرد، بایەخی مارکس و چەپ زۆر لەوە زیاترە کورت بکرێتەوە بە ناو پێیەو و پڕگرامی حزبێکی سیاسیی، چونکە چەپ و مارکس گومان لەم جیهانە دەکەن و ئێتەرناتیڤی ڕەشنیشیان پێیە بە چەکردنی دنیایەکی تازە. پەموایە تا ئێستاش مارکس زیندووترین فەیلەسووفی جیهانە، ئەوەی لە دیواری بەرلیندا ڕووخا بەشەفیزم بوو، ئەوەی مرد لەنینیزم بوو، ئەوانەی پێیانوایە هەرەسی سۆڤێت هەرەسی مارکس و چەپە دەبێت جارێکی تر بە ئاستی هەشیاریی خۆیاندا بچنەوە. داستانی مارکس و چەپ لە ڕووخانی دیواری بەرلیندا تەواو نەبوو، بەڵکو دوای داڕووخانی وەڵ ستریت دەست پێدەکات.
وا بیر دەکەمەوە کەمۆنیزم ڕژێمێکی سیاسیی نییە، دەسەڵات و دامەزراوە دەوڵەتییەکان نییە، چوون خودی کەمۆنیزم پێڤاژێکە لە دەرەوەی دەوڵەت، لە ستروکتەرە کەمۆنیزم قۆناغێکە لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیاریی مرۆڤایەتی، هەروەک چۆن کۆیلەداریی و فیودالیزم و کاپیتالیزم سێ قۆناغی گۆشکردنی دوای کەمۆنی سەرەتایین، ئاواش کەمۆنیزم زەمەنی ئەو یەکسانییەیە مرۆڤایەتی وەک قۆناغێکی پێگەیشتووتر پێی دەگات، بەو پێیەی لە کۆتاییدا ئامانجی مرۆڤ ژیانێکی باشتر و دنیایەکی جوانترە، چونکە ناتوانێت تا سەر بەرگەی ئەو هەڵاواردنە چینایەتی و نایەکسانییە بگرێت لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانەوە. ڕژێک دێت مرۆڤ ناچار بێت بیر لە ئێتەرناتیڤێکی ماقوڵ بکاتەوە و هەنگاو هەڵبگرێت بەرەو هەڵبژاردنی باشترین بژاردە، ئەو ئێتەرناتیڤەش بگومان ڕەحی

کۆمۆنیزم، یان رێنگە قۆیرانە ریشەییەکانی رژێمی سەرمایە و نابەرابەرییەکانی ئەو سیستەمە وەها لە خودی ئابووریناسانی سەرمایەداریی بکات بە ئەوەی خۆیان بیانووت چارسەر لە گۆڕانەوە بە بیرکەی دەرینەکەی کارل مارکسدا بدەزنەوە، ئەمە نە یەتەپیایە نە دگماتیزم و دیدی ئایدۆلۆگی رووت، بگرە ئۆگرێگە بە داهاتوو کە ئۆگرێکی زۆر بەهێزیشە.

لیزا: لە کتێبی "تێروانینی سەهم"دا لە ٢٥٢ لاپەڕەدا باسی کێشە جڤاتییەکانی کۆمەڵی کوردەواری دەکەیت. ئایا دەکرێت بە پوختی پانۆرامایەکی کێشە جڤاتییەکانی هەنووکە بخەیتە روو؟.

ستیڤان شەمزینی: کێشە جڤاتییەکانی ئەمە وەک کورد کۆمەڵێک کێشەی فرە ڕەهەندن، هەموویان پێکەوە بەستراون، قووڵایی و ماکی مێژووییان هەیە، جیا لەمە کۆمەڵگەی ئەمە پێویستی بە سەرلەنوێ داڕشتنەوە هەیە، پێویستی بە کێشەی تازەتر هەیە لە هەموو کایە و سێکتۆرێ جۆر بەجۆرەکانی ژیاندا. بە ئەم کارەش ئەمە پێویستمان بە گۆڕینی سیستەمی پڕوگرامێیی هەیە، بەو پێیەی میتۆدی پڕوگرامێیی ئەمە چ لەناو خەزان، چ لە قوتابخانەکاندا، میتۆدێکە لەسەر ریشە و کولتووری ئاینیی و خێڵگەرایی بینا کراوە، ئەمەش وای کردووە کۆمەڵگەیەکی دەستەمە بەرهەم بهێنێت نەک تاکی ئاکتیڤ و هۆشیار، هەر لەناو ئەو ڕەگوریشانە پڕوگرامێیدا گرێی خۆ بە کەمزانین و خۆ بە بچووک زانین هەیە، بەو پێیەی مرۆڤگەلێکی بەرهەمهێناوە بە چاوی گومان و هەستکی نزمەوە لە خۆی و مێژووی خۆی دەوانێت، یەکێک لەو کێشە هەرە سەرەکییانەی وایکردووە کورد لە مێژوودا نابەختە خاوەنی دەوڵەت، فاکتەرێکی هەر ئەم گرێ دەروونییەوە بووە، تەنانەت تە سەیر بکە لە پرسەی ریفراندۆمدا زەربەی ئەوانەشی دژی "بەڵێ"یان دا، دواتر توشی گرێی ئەدیب بوون، بەو پێیەی فەرمانڕەوایی داگیرکەران بە دەسەڵاتدارێتی باوکە فرێدییەکە تێدەگەن.
